# بۆپێشەوە

FORWARD بڵاوكراوەیەكی سیاسی سۆشیالیستییە

ساڵی حەوتەم ژمارە (146) بەرواری 15–6–2023 | بڵاوکراوەیەکی سیاسی سۆشیالیستییە | مانگی دووجار، لە (١)و (١٥) هەموو مانگێکدا دەردەچێت



بەبۆنەی هەفتەی مەنسور حیكمەت وتاری "ئازادی، بەرابەری، حکومەتی کرێکاریی" لەلاپەڕە 10_11 دەخوێینەوە...

## وتەی ژمارە

## ناسیونالیزمی کورد و بودجە...

سەرئەنجام و دوای بێنەو بەردەیەکی زۆر باڵە سەرەکیەکانی بۆرژوازی لە عێراقدا "ناسیونالیزمی ئیسلامی شیعی، ناسیونالیزمی سونی، ناسیونالیزمی کورد لەسەر دابەشکردنی بودجەی عێراق، لەنێوان خۆیاندا ڕێکەوتن. ڕێکەوتنی ئەم لایەنانە لەسەر بودجەی عێراق، لەسەر بنەمای ڕێژەی قەڵەمرەی سیاسی و دابەشکاری قەومی و دینی و تایفی، بەر لەهەموو شت ئەو ڕاستیە دەخاتە ڕوو، کە پرسی بودجە وەکو هەر پرسێکی تر، پرسێکی سیاسییە.

لەم نێوەدا پرسی پەسەندکردنی بودجەی عێراق بۆ سێ ساڵی داهاتوو، لەلایەکەوە سەرجەم باڵەکانی بۆرژوازی کوردی چالاک کردەوەو لەلایەکی تریشەوە ناکۆکی نێوانیانی قوڵتر کردەوە.



هەموویانی چالاک کردەوە، چونکە مەسەلەی بودجە نەک تەنیا وەکو کەیسێکی دارایی، بەڵکو بەوێنەی پرسێکی سیاسی، دەمێکە بەشێکی سەرەکییە لە ململانێی نێوان ناسیونالیزمی کورد لەگەڵ ناسیونالیزمی بۆرژوازی لە عیراقدا، هەروەها ناکۆکی نێوان باڵەکانی بۆرژوازی قوڵتر کردەوە، چونکە پرسی قەڵەمرەوی سیاسی زۆنەکانی هەرێم، بە پلەیەکی زۆر بەندە بە دەستراگەیشتن بە بودجەو داهاتی ناوخۆیی زۆنەکان.

ململانێی نێوان باڵەکانی بۆرژوازی عێراقی لەگەڵ باڵەکانی ناسیونالیزمی کورد، لە پەیوەند بە بودجە و شایستە داراییەکانی ژێر سایەی دەسەڵاتی قەوارەی سیاسی هەرێم، پێشینەیەکی زۆری هەیە و هاوتایە بە دەسەڵاتی سیاسی دوای کەوتنی ڕژێمی بەعسەوە. لەو کاتەوە تا ئێستا هەولێر و بەغدا لە کێشمەکێشیکی بەردەوامدا بوون لەسەر چەندین پرسی دیاریکراو کە بودجە و شایستە داراییەکانی هەرێم تەنها لایەن و گۆشەیەکیەتی و دەرهاویشتەی پرسێکی گەورەترە کە پرسی قەڵەمرەوی سیاسییە. هاوسەنگی هێزی نێوان ئەم دوو بلۆکە لە عێراقدا، بلۆکی دەسەڵاتی بەغدا و بلۆکی دەسەڵاتی هەرێم، بڕیاردەری ئەوە بوو داهاتی هەرێم چەند بێت و چۆن بێت.... ئەو کاتەی دەسەڵاتی بەغدا لەرزۆک و داڕوخاو لێکترازاو ناهاوسەنگ بوو، دەسەڵاتی سیاسی هەرێم کەڵکی لەم دۆخە وەرگرت و ڕێژەی بودجەی هەرێم لەسەدا ١٧ بوو... ئەوە جیا لەوەی بەغدا نەک کۆنترۆڵی بەسەر هەرێمدا نەبوو، بەڵکو

بۆ لاپەڕە 2

## درۆن و باندی تیرۆر لە هەرێمی کوردستان تەراتێن دەکەن...



کەم ڕۆژ هەیە هەواڵی هێرشی درۆنەکان بۆسەر کادر و چالاکوانەکانی ئۆپۆزیسیۆنی تورکیا لەناو قوڵایی شار و شارۆچکەکانی کوردستان، بڵاونەکرێتەوە. یان هێرشی باندە تیرۆریستەکان گیانی کەسێک لە کردەوەی تیرۆریستدا نەکێشن. لەدرێژەی ئەم دۆخەو کردەوە تیرۆریستیەکانی باندە ئینسان کوژەکانی تورکیادا، ٩ ی ئەم مانگەش حسێن ئارسان ئەندامی ریکخراوەی کرێکرانی میزۆپۆتامیا و پەنابەری...

بۆ لاپەڕە 3

## لەپێشوازی ڕۆژی جیهانی پەنابەراندا...



٢٠ ئەم مانگە رۆژی جیهانی پەنابەرانە، کە ڕێکخراوەی نەتەوە یەککگرتوەکان ئەم رۆژەی بۆ بەرگری لەمافەکانی پەنابەران دیاری کردووە.

ئەمسال لە کاتێکدا ڕووبەڕووین لەگەڵ لەرۆژی بەرگری لەمافی پەنابەراندا، کە سێڵاوی پەنابەران و ژیانی پەنابەری یەکێک لە دیاردە بەرجەستەکانی دنیای ئەمڕۆیە... ئەمە نەک تەنها لە رۆژهەڵاتی ناوەراستدا، بەڵکو بەشێکی ئەورووپاشی گرتۆتەوە و تادێتیش سایەی نەنگینتری هەرەشە لە...

بۆ لاپەڕە 3

## بنچینە کۆمەڵایەتی و فیکرییەکانی کۆمۆنیزمی کرێکاری ...

ستانداردەکانی دادگاییکردن....ل9

### لەم ژمارەیەدا ئەم بابەتانەش دەخوێننەوە:


- لە عێراقدا پەرلەمان شەرعیەتی نییەو ناتوانێ گۆڕانکاری بکا............ل4
- یوسف عوسمان وەڵامی پرسی ڕۆژی داوەتەوە.......................................ل5
- نەوەی نوێ لەکۆمپانیاوە بۆ حزب سازی......................................ل6
- ئافرەت و هێزی کار...........................................................................ل7




## دۆسیەی ژمارە "هۆکاری کوشارەکانی بەغدا لەسەر هەرێم و پرسی پەسەندکردنی بودجە"

هاوڕێ نوری بەشیر وەڵامی پرسیارەکانی داوەتەوە...ل12_13


پرسی ڕۆژ ل5

پرسی ژن ل7

گۆشەی ئەدەب و هونەر ل8

# درێژەی وتەی ژمارە

دەسەڵاتی هەرێم خۆی هەمەکارەو هەمە بڕیار بوو... بەڵام کاتێک دەسەڵاتی بەغدا و هێزە سیاسیە بڕیار بەدەستەکانی ئارایشی سیاسی خۆیان دەدەنەوە، تا ڕادەیەک ئیدارەی ناکۆکیەکانی خۆیان ڕێک دەخەن و توانایەکانیان لەسەر بنەمای بەرژەوەندییە هاوبەشەکانیان پێناسە دەکەنەوە خاڵی هاوبەشی نیوانیان بەرامبەر بەدەسەڵات و قەڵەمرەوی سیاسی هەرێم، ساز دەدەنەوە، کۆتایی بە رێژەی بودجەی و شایستە داراییەکانی هەرێم بەشێوەی پێشوو دەهێنن و لە سەدا ١٧ وە کەمی دەکەنەوە بۆ ١٢,٦٧٪ بەم جۆرە گورزێکی گەورە لەناسیونالیزمی کورد دەدەن... بەڵام ئەمە تەنها هەنگاوێکی روت لە زمینەی کورتکردنەوەی دەستی هەرێم لە داهات و توانایەکانی دارایی نەبوو، بەڵکو دەرهاویشتەی کورتکردنەوەی دەستی دەسەڵاتی سیاسی هەرێم و لێ سەندنەوەی هەنگاو بە هەنگاوی سەربەخۆیی قەڵەمرەوی سیاسی و حقوقی و یاسایی... دەسەڵاتی ناسیونالیزمی کورد بوو.

ئەم رەوەندە، رەوەندی راکیشانی دەسەڵاتی سیاسی هەرێم بۆ ژێر سایەی دەسەڵاتی مەرکەزی، و لەدەست دەرهێنانی بانگەشەکانی خۆبەستنەوە بە پرسی سیاسی خەڵکی کوردستان و لێکەوتەکانی، بووە رەهەندێکی کار لەسەر کراوی بەنەخشەی بۆرژوازی عێراقی. ناسیونالیزمی کوریش بەکردەوە و بڕگە بە بڕگە ناچار بووە مل بە واقعیەتی سیاسی نوێ بدات و لەوەش زیاتر ناچار بووە خۆی لەگەڵ بگونجێنێت. هاتنە خوارەوەی چاوەڕوانیەکانی ناسیونالیزمی کورد و ویستەکانی بۆ ئاستی دابین بوونی شایستە داراییەکانی هەرێم و موچەو لەوەش زیاتر بۆ کورتبوونەوەی فەراهەم بوونی موچەی موچەخۆرانی هەرێم، بەکردەوە دەسەڵاتی سیاسی هەرێمی کردووە بەسوڵکەرێکی سیاسی لەبەردەم دەسەڵاتی گەندەڵ و تاڵانچی ناوەندیدا.

یەکێک لە ئاکامەکانی پاشەکشەی ناسیونالیزمی کورد لەبەرامبەر بە دەسەڵاتی ناوەندی، قوڵبونەوەی زیاتری ململانێی نێوان پارتی و یەکیتی و هێزەکانی فەلەکی ئەم دووهێزەی بەدوای خۆیدا هێناوە... کەم کات هەبووە پارتی و یەکێتی وەکو ئەم ویستگە دیاریکراوەی ئێستا، هەمیشە لە بەرامبەرکی و گرژیدا بووبن، بەجۆێک هیچ ڕیکەوتنێکی نێوانیان بە گوشاری دەرەکیش ناتوانێت ٢٤ سەعات، بەردەوام بێت.

ململانێی ئەمجارەشیان لە پەیوەند بە بودجە و پاشەکەوتی موچە و شێوازی دەستراگەیشتن بە شایستە داراییەکانی هەرێم و لێکترازانیان لەبەرامبەر بە بەغدادا، گۆشە بەگۆشەی ئەو ئەزمە قوڵەن کە سەرچاوەکەی پاشەکشەی ناسیونالیزمی کوردە لە بەرامبەر بە باڵەکانی بۆرژازی عێراقی و رەنگدانەوەی شکستی دەسەڵاتیانە لە ئاستی هەرێمدا...

هێنانەگۆر و بەدەستەوەگرتنی دەستەواژەی مەترسی سەر قەوارەی هەرێم، کەزۆرتر بۆ بەهرەبەرداری سیاسی لەلایەن پارتی و یەکێتی و زیاتریش لەلایەن پارتییەوە بەدەستەوە دەگریت، هیچ نییە جگە لەوەی کە پارتی و یەکێتی هەرەشەیەکی واقعی و بەردەوام لەسەر پێگەی سیاسی و حقوقی و یاسایی و ناوچەیی لەسەر خۆیان و ئاییندەی سیاسیان دەبینن. شەقکردنی هەرێم دیسان درۆیەکی ترە کە پارتی و یەکێتی و هاوبەشەکانیان بەبەردەوامی دەرخواردی کۆمەڵگەی دەدەن، تا شانی خۆیان لە راستی شەق بوونی لەمیژینەی هەرێم بۆ دوو زۆنی لێک جیاوازی دەسەڵاتداریێتیان خاڵی بکەنەوە.

هەریمی کوردستان دەمێکە دابەش بووە و هەر بەشیکی لە ژێر قەڵەمرەوی دەسەڵاتێکی سیاسی پشت بەستوو بەچەک و تاڵانی و خۆبەستنەوە بە باڵێک لە ناوەند و بە وڵاتێکی ناوچەکەوە، دریژە بە ژیانی سیاسی خۆی دەدات.

کێشمەکیش لەسەر بودجە و بەهرەمەندبوونی هەرێم لێی چ وەکو قەوارەیەکی سیاسی و چ وەکو قەوارەیەکی دابەش بوو تا رادەی مامەڵە لەگەڵ پارێزگاکان... دورو نزیک لەسەر مەبنای وەڵامدانەوە بەپیداویستی و نیازەکانی جەماوەری ملیۆنی خەڵکی کوردستان نییە. تەنانەت ئەو لایەنانەی بریاریان لەسەر بودجە عێراق و کوردستان و دابەشکاریەکەی دا، خودی خۆیان بەهۆی تاڵانی داهاتی هاوڵاتیان و دزی ئاشکرا و گەندەڵی بێ سنور و گوێ نەدان بەسەرەتاییترین پێداویستی خزمەتگوزارییەکان، لە ئاکسیۆنێکی جەماوەری فەرمی بۆرژوایدا کە کایەی هەڵبژاردنەکانە، نەیان توانی بیست لەسەدی دەنگی هاوڵاتیان زامن بکەن، واتە زیاتر هەشتا لەسەدی خەڵکی عێراق و کوردستان، متمانەیان پێنەدان و رەتیان کردنەوە. ئەوەی هێشتا ئەم هێز و لایەنانە دەتوانن و شانسی ئەوەیان هەیە دەست بەسەر داهات و بودجەی عێراق و کوردستاندا، کە لەبنەرەتدا قوتی هاوڵاتیانە بگرن، خۆ سەپاندنیانە لەڕیگای زۆری هیز و میلیشیاکانیان و خۆبەستنەوەیان بۆ بلۆکە ناوچەیی و جیهانیەکانەوە. ئەم کەمایەتییە نۆکەر پیشەو سیاسیە بۆرژوازییەی عێراق و کوردستان، کە لە بەرگی بەرگری لە شیعە، سونە، کورد و عەرەبدا، خۆیان نمایش دەکەن، دەیان ساڵە ئەزموونی دەسەڵاتیان نیشانیداوە، کە جەنگێکی ئاشتی هەڵنەگریان لەگەڵ جەماوەری چینی کرێکار و بێبەشی عێراقدا هەیە.

عیراق و کوردستان کە خاوەنی گەورەترین سەرچاوەی نەوت و خاوەنی زیاتر لە ١٠٠ ملیار دۆلاری نەختینەیە، بەڵام خاڵییە لەسەرەتاییترین خزمەتگوازرییەکان... هەموو کەرتەکانی خوێندن و پەروەردە، سلکی تەندروستی، ریگاو بان... توشی داڕوخان و وێران بوون بوون. لەبەرامبەردا ئاماری دزی و تاڵانی لەلایەن سەرانی ئەم بزوتنەوە سیاسیانەوە، لەزمانی میدیای هەمەرەنگی بۆرژوازییەوە، بەسەدان ملیار دۆلارە. بودجە بۆ میلیشاکان و دەزگا ئەمنی و هەواڵگریەکانیان... خەیاڵییە.

موچەی کرێکاران و کارمەندان و خانەنشینان، لەئاست گرانی بازاردا هیندە کەمە کە کەمەری ئۆردی دەیان ملیۆنی خەڵکی عێراق و کوردستانی شکاندووە. باسێک لە بیمەی بێکاری و تەندروستی نییە، ئاورێک لە دۆخی لاوان و هێزی ئامادەبەکاری ملیۆنی نادرێتەوە... بێکاری و نەبوونی و گرانی و هەژاری... دیاردەیەکی هەرە شەرماوەری دەسەڵاتی سیاسی عێراق و کوردستانە.

پرسی موچە وەکو هەرکام لە پرسەکانی تری ململانێی لەگەڵ بەغدا لەلایەک و لەناو ریزی ناو خانەوادەی بۆرژوازی کوردا لەلایەکی ترەوە، نیشانیدا کە ناسیونالیزمی کورد و باڵەکانی لەهەردوو زۆنی زەرد و سەوزدا هەموو خەون و خەیاڵ و ئاسۆی سیاسیان لە دەستگیر بوون لەبوجەدا وەکو شای خەونەکانیان، کورت بۆتەوە. و کیشەیەکی سیاسی و حقوقیان لەگەڵ دەسەڵاتی بۆژوازی عیراقدا نەماوەو بانگەشەکانی خۆبەستنەوە بە پرسی سیاسی خەڵکی کوردستانەوە بوونەتە بلقی سەر ئاو. ئەوە لە کاتێکدایە کە خەڵکی کوردستان بەجیا لەوەی موچەو خزمەتگوازایی و ژیانێکی ستانداردی مۆدێرن تەسەل و دەستگیر بوون لە ئازادی و مافە فەردی و مەدەنی و ئینسانیەکانیان، وەکو ویستێکی باڵاتر و پیرۆزتر لە درۆی قەوارەی سیاسی هەرێم دەزانن، وە درکی ئەو راستیە درک دەکەن کە دەستەواژەی قەوارەی هەرێم هیچ نییە جگە لەدەسەڵاتی بەزۆر داسەپاوی بۆرژوازی کورد بەسەر ژیان و گوزەران و ئیرادەو ئاییندەیان، بەڵام هاوکات خەونی دیاریکردنی ئاییندی سیاسی و حقوقیان، تا رادەی دەستراگەیشتن بە وڵات و دەوڵەتێکی سەربەخۆی سەردەمی، ویستێکی حاشا هەڵنەگریانە.

**ناوەراستی یونی ٢٠٢٣**

> **مەسەلەی بودجە نەك تەنیا وەکو کەیسێکی دارایی، بەڵکو بەوێنەی پرسێکی سیاسی، دەمێکە بەشێکی سەرەکییە لە ململانێی نیوان ناسیونالیزمی کورد لەگەڵ ناسیونالیزمی بۆرژوازی لە عیراقدا، هەروەها ناکۆکی نێوان باڵەکانی بۆرژوازی قوڵتر کردەوە، چونکە پرسی قەڵەمرەوی سیاسی زۆنەکانی هەرێم، بە پلەیەکی زۆر بەندە بە دەستراگەیشتن بە بودجەو داهاتی ناوخۆیی زۆنەکان...**

> **ململانێی نێوان باڵەکانی بۆرژوازی عێراقی لەگەڵ باڵەکانی ناسیونالیزمی کورد، لە پەیوەند بە بودجە و شایستە داراییەکانی ژێر سایەی دەسەڵاتی قەوارەی سیاسی هەرێم، پێشینەیەکی زۆری هەیە و هاوتایە بە دەسەڵاتی سیاسی دوای کەوتنی رژێمی بەعسەوە. لەو کاتەوە تا ئێستا هەولێر و بەغدا لە کێشمەکێشیکی بەردەوامدا بوون لەسەر چەندین پرسی دیاریکراو کە بودجە و شایستە داراییەکانی هەرێم تەنها لایەن و گۆشەیەکیەتی و دەرهاویشتەی پرسێکی گەورەترە کە پرسی قەڵەمرەوی سیاسییە...**

## دریژەی: درۆن و باندی تیرۆر لە هەرێمی کوردستان تەراتێن دەکەن...

سیاسی لە شاری سلێمانی کەوتە بەرهێرشی گروپێکی تیرۆریستی و کوژرا. وە رۆژانە درۆنەکانی تورکیا لە ئاسمانی کوردستاندا راوی هەلسوڕاو و چالاکوانانی ئۆپۆزیسیۆن و پەنابەرانی سیاسی دەکەن. لە ئاکامی ئەم هێرشە بەردەوامانەدا تاکو ئیستا بەدەیان سەیارە و چالاکوان لە ناو جەرگەی شارەکاندا کراونەتە نیشانە و ژمارەیەکی زۆریان گیانیان لەدەستداوە، هەروەها بە جیا لە درۆنە کە کاری دروێنەکردنی بنکەو و سەیارە و شوێنی چالاکوانانی نەیاری سیاسی تورکیایە، تەنیا لەماوەی ئەمساڵدا دەیان کادری و چالاکوانی سیاسی تر لەرێگای باندەکانی سەر بەمینی تورک و هاوکارەکانیان کەوتونەتە بەردەم هێرش و تیرۆرکراون.

ئەوەی جێگای رامانە، تاکو ئێستا بکوژی هیچ کام لە تیرۆرەکان ئاشکرا نەکراون و ئەم هەموو هیرشە درۆنیەش لە هەرێمدا، مویەکی حکومەت و دەسەڵاتی سیاسی نەبزواندووەو بێدەنگەیان هەڵبژاردووە، ئەمەش نەک هەر نیشانەیەکە بۆ نابەرپرسێتی، بەڵکو بەڵگەیەکی ئاشکرایە بۆ پشتیوانی لەم کردەوانە لەلایەن دەسەڵاتەوە. هەروەها ئەو هێرشانە لەناو قوڵایی کوردستان و جەرگەی شارەکاندا، بەبێ هاوکاری باندە ئینسان کوژەکان و چاوساغی پیاوە کرێگرتەکانیان مەیسەر نابێت.

دیارە ئەم کردەوە ئینسانکوژی و تیرۆریستانە تەنها تایبەت نییە بە تورکیا، بەڵکو جمهوری ئیسلامی ئیرانیش هێندەی بۆی کراوە، بنکەو بارەگای هیزەکانی ئۆپۆزیسیۆنی بۆردومان کردووە، ناوچە سنوریەکانی بەپاساوی پاراستنی سنور تۆپباران و ئێستاش گوشارەکانی بۆ داخستنی بارەگا و ئوردوگانیان دەست پێکردووە، ئەوە جیا لەوەی بەدەیان کادری نەیاری ئیران تیرۆرکراون و رادەستکراونەتەوە...

ئەم هەموو هێرش و کردەوە تیرۆریستیانە لە هەرێمدا، نەک نیشانەی بی دەربەستی هێزە سیاسیە دەسەلات بەدەستەکان و بەکەم گرتن و حساب نەکردنە بۆیان هاوکات، هێرشیکی ئاشکرایە بۆ سەر خەڵکی کوردستان و ئیرادەی سیاسیان و بەرهەمی بۆشایەکی سیاسی و دەسەڵاتێکی بەرپرسە، کە تەنانەت توانای ئیدانەکردنیشی نییە.

رێگایەک کە دەتوانێت ببێتە گوشار لەسەر ئەو دەوڵەتانە و بەرپرسیارکردنی دەسەڵاتی سیاسی ئەوەیە کە خەڵکی کوردستان و حزب و هێزە سیاسی و جەماوەری و ئازادیخوازەکان، لە رێگای وەرێخستنی نارەزایەتی شەقام و کۆبونەوەی جەماوەرییەوە، داوای چوونە دەرەوەی بنکەو بارەگا و سەربازگەکانی تورکیاو ئیران بکەن و دەسەڵاتی سیاسی بەرپرس بکەن لەوەی کە بکوژ و تۆمەتبارەکان بدۆزنەوەو رادەستی دادگایان بکەن....

## دریژەی: لەپێشوازی ڕۆژی جیهانی پەنابەراندا...

ملیۆنەها ئینسان دەکات. راکردن لە دەستی جەنگ و نائەمنی، بێمافی و برسێتی و وشکەساڵی، لافاو روداوە سروشتییەکان، بی ئاییندەیی و هەرەشەی مەرگی سیستەمە دیکتاتۆرەکان لە ئینسان، بە ملیۆنەها ئینسانی ناچار بەوە کردووە، شوێنی هەرە ئازیزو لێوان لێو لە یادەوەری خۆیان بەجێ بهێڵن و لە جێگایەکی تر ژیان بدۆزنەوە، کە زیندومانەوەو ژیانکردنیان زامن بکات.

هەموو ئەو ئینسانانە کە ناچار کراون شوینی خۆیان جێ بهێڵن و جیگاو جغرافیایەکی تر بکەنە پەنا و نوایەکی ئارام، ناویان نراوە پەنابەر، بەو هۆیەوە ناچار بە پەنابرن بۆ جێگای تر کراون. ئەمانە ئینسان گەلێکی ملیۆنین، لەگەڵ هەر جەنگێک و هەر دەسەڵاتێکی ستەم گەردا، لەگەڵ هەر تسۆنامی و روداوێکی سروشتیدا... کە زیاد دەکەن ئاماری پەنابەرانیش بەخێرایی هەڵدەکشێ. رێکخراوە نەتەوە یەکگرتوەکان بۆ پەنابەران لە بنەڕەتەوە بۆ بەرگری لەمافی پەنابەران و بۆ هاوکاری و بە تەنگەوە چوون و گرتنەبەری ڕیگاو ریکاری ئینسانییە بۆ هاوکاری ئەو ئینسانانەو دانی مافی پەنابەرێتی بۆیان، کەچی بەداخەوە بەهەر ئەندازە ئاماری پەنابەران هەڵدەکشێت و قوربانیانی زۆتر دەبن، لە بەرامبەردا و بەکردەوە رۆڵی نەتەوە یەکگرتوەکان و رێکخراوەی پەنابەرانی سەر بەو رێکخراوەیە، بێدەربەستر و نا مرۆیی تر مامەڵەی ئەو ملیۆنەها ئینسان پەنابەرە دەکەن، کە بەشێکی هەرەزۆریان قوربانی دەستی هەمان رێکخراوەی نەتەوە یەکگرتوەکانن، کە لەڕیگای دەستێوەردان و سەپاندنی ئابلۆقەو بریاری سیاسی دلڕەقانەو سود پەرستی، بەشیکی زۆری وڵاتانی دەرگیر لە پشیوی سیاسی و جەنگیان گۆریوە بە سەرزەمینێک کە ژیان و مانەوە تیایدا سەخت و ئارامی تیایدا ون، ئیرادەی ئینسان تیایدا وردکراوە.

رێکخراوەی نەتەوە یەکگرتوەکان لە جێگای ئەوەی ڕیکاری دەربازکردنی ئینسانی دەرگیر لە جەنگ و برسێتی و نائەمنی و نائارامی بێ گوێدانە جغرافیا و حەوزە جیاوازەکان و رەنگی پێست، مامەڵە بکات و ئەرکی دەربازکردن و جیگرکردنیان لە وڵاتانی تر و زەمانەتی ژیان کردن و تیکەڵاوکردنیان زامن بکات، خۆی بۆتە حەربەیەک بۆ جیاکاری و دابەشکاری و ناوەندێک بۆ زۆربوونی قوربانیەکانی. جیا لەوانەش لەناوەندی وڵاتە بەناو دیموکراسی و سەردەمیەکاندا، نەک مامەڵەی کەسانی بێچارە و دانی مافی پەنابەرێتی تا بڵێی سەخت و قورس کراوە، بەڵکو بەپاساوی جۆراوجۆر سەدان هەزار ئینسان کە دەیان ساڵە مافی پەنابەرێتیان وەرگرتووەو لەگەڵ ئەو وڵاتە تیکەڵاو بوون، هەرەشەی دوبارە گێرانەوەو دەرکردنیان لەسەرە. تەنانەت لە بەندو بەستی سیاسیدا، پەنابەران مامەڵەیان پێوە دەکرێت و کەسایەتی سیاسی رادەستی رژیمە درندەکانی دژ بە ئازادی و ئازادیخوازی دەکرێنەوە.

ئەو وڵاتانەی هەمیشە بانگەشەکانی مافی مرۆڤ... بەرز دەکەنەوە بە دنەدانی راسیزم و جیاکاری و دۆخێکیان خولڤاندووە، کە بەکردەوە بەهای مافی مرۆڤیان، پێچاوەتە بەرژەوەندییەو سیاسی و ئابوری و دیبلۆماسیەکانیان و هەموو رۆژێک قوربانیانی ئەم هەلومەرجە دەبینرێت.

رێکخراوەی نەتەوە یەکگرتوەکان بۆ کاروباری پەنابەران، لە ئێستادا نەک پابەندی سەرەتاییترین بەڵێنەکانی نابێت کە بۆی پێکهاتووە، بەڵکو چاو لە راستییە رۆشن و بینراوەکانی دۆخی پەنابەران دادەخات و مافە سەرەتاییەکانی پەنابەران، وەکو وەسیلەیەکی سیاسی و بۆ مامەڵەی تایبەت بەدەستەوە دەگرێت.

جێگای خۆیەتی رێکخراوە پەنابەرە ئینسانی و پێشکەوتنخوازەکانی، دەرەوەی ریکخراوەی نەتەوە یەکگرتوەکان بۆ کاروباری پەنابەران، هێندەی بۆیان دەکرێت هاوئاهەنگانە، مامەڵەی رێکخراوەی نەتەوە یەکگرتوەکان ئیدانە بکەن و بەڵگەنامەی رەفتارەکانیان بخەنەڕوو، وە گوشار بهینن یان ئەوەی پابەندی بەڵینەکانی بێت، یان خۆی هەڵبوەشێنێتەوە و بەدیلی ئەو لە ئاستی دنیادا دروستبکرێت، کە بەرگری لەمافی پەنابەران بە پێودانگێکی ئینسانی بەرابەر بەدەستەوە بگرێت و بەکردەوە ببێتە پشت و پەنای پەنابەران و قوربانیانی کەم بکاتەوە.

دیارە ئەوە یەکەمین جار نییە کەمپی مەخمور دەکەوێتە بەردەم هێرشی سوپای عێراق و هاوکات هێرشی فرۆکەکانی تورکیا و سنورادرکردنی جموجۆلەکانی کەمپەکە لەلایەن پارتییەوە... بەڵکو لە ماوەی ٣٠ ساڵی رابردوودا بە شێوەی بەردەوام ئەم کەمپە کە پەنابەرانی سفیلی تورکیای تیادایە، کەوتۆتە بەردەم هیرشی سێ کوچکەی تورکیا و دەوڵەتی عێراق و هیزەکانی پارتی و بەدەیان کەس بوونەتە قوربانی.

ئەو هێرشانە بۆسەر کەمپی مەخمور رێگاگرتن لە پەنابەرانی کەمپەکە بۆ هاتووچۆو دەستراگەیشتن بە پێداویستیەکانیان، بێ ئەندازە کارێکی دژە ئینسانی و پێچەوانەیە بەسەرەتاییترین مافی پەنابەری. بێگومان هێرشی دەوڵەتی تورکیا و عێراق بۆسەر ئەو کەمپە بەبێ ئاگاداری و رەزامەندی پارتی نییەو پارتی هەم بکەرێک و هەم هاوکاری ئەو هێرشانەیە بۆسەر کەمپی مەخمور...

ئەنجامدانی ئەو هیرشە بەردەوامانە بۆسەر پەنابەرانی ئەم کەمپانە و بەکاهێنانی درۆنەکان و تیمە ئینسان کوژە تیرۆریستەکانی بۆسەر کادر و لایەنگرانی ئۆپۆزیسیۆنی تورکی و تیرۆرکردنیان، بەبەرچاوی ریکخراوە نەتەوە یەکگرتووەکان و ریکخراوەکانی مافی مرۆڤ و بەرگری لە مافی پەنابەری، ناوەرۆکی خاڵی بوونی ئینسانیەتی ئەم رێکخراوانە دەخاتە ڕوو.

بێ دەنگەی ریکخراوی نەتەوە یەکگرتوەکان و ریکخراوەکانی تری بەرگری لەمافی مرۆڤ و پەنابەری و ناوەندە نێودەوڵەتیەکان، هۆکارێکە بۆ ئەوەی دەستی دەوڵەتی تورکیا و عێراق و دەسەڵاتی پارتی ئاوەڵا بکات، بی هیچ بەربەستێک دانیشتوانی ناو ئەم کەمپە، بکەنە نیشانەو ئیرادەی سیاسی و ئینسانیان پیشێل بکەن و گیانیان بکەوێتە بەردەم مەترسی هیرشەکانیان.

لەوەها هەلومەرجێکدا کە رێکخراوەی نەتەوە یەکگرتوەکان و ریکخراوە مرۆڤ دۆست و ناوەندە نیو دەوڵەتیەکان بیدەنگەیان لەبەرامبەر هیرش بۆسەر ئەم کەمپە و هیزەکانی ئۆپۆزیسیۆنی وڵاتەکان هەڵبژاردووە، ئەرکی ریکخراوە ئینسان دۆست و لایەنگرانی مافی مرۆڤ و هەموو کەس و ئینسانێکی ئازادیخوازە بەرگری لە پەنابەرانی کەمپی مەخمور بکەن و بەهەر ریگایەک کە بۆیان دەکرێت گوشارەکانیان بۆسەر یوئین و دەسەڵاتی پارتی و هیزەکانی عیراق زیاد بکەن و ریگە نەدەن چیتر خەڵکی ناو کەمپانە ببنە قوربانی دەستی ئەو هیزو لایەنانە... خەڵکی کوردستان ئەرکیکی ئینسانی دەکەوێتە ئەستۆیان تا ریگە لەو هیرشانە بگرن کە دەکرێتە سەر ئەم کەمپە... ئیمە لە بلاوکراوەی بۆپێشەوە بەتوندی ئیدانەی هەموو جۆرە هیرش و گوشاریکین بۆسەر کەمپی مەخمور و بەهەموو توانامانەوە تیدەکۆشین بۆ ریسواکردنی هیرش بۆسەر ئەم کەمپەو بەرگری لە مافی پەنابەران و زامنکردنی مافی پەنابەریتی و پاراستنی سەلامەتی گیانی و روحیان...

**بۆپێشەوە**

**ناوەراستی حوزەیرانی ٢٠٢٣**



# لە عێراقدا پەرلەمان شەرعیەتی نییەو ناتوانێ گۆڕانکاری بکا!؟

## نووسینی: سەردار عەبدوڵا حەمە

سەرەنجام کۆبوونەوەکانی پەرلەمانی عێراق کۆتایی هات لەسەر بڕیاردان بۆ بودجە کە تا سێ ساڵ کاری پێ دەکرێ. پاش هێنان و بردن و چەندین کۆبونەوە بەو ئەنجامە گەیشتن و بڕیار درا بەشە بودجەی هەرێمی کوردستانیش لە ١٢،٦٧٪ بێت، گوایا دەیانەوێ کێشەی خەڵک چارەسەر بکەن. جگە لەوەش بڕیار درا پاشەکەوتی مووچەی چەندین ساڵەی هەرێمی کوردستانیش لە بودجەدا جێگای نەبێتەوەو وە بڕیار درا هەرکات حکومەتی هەرێم بەشە بودجە بۆ پارێزگاکانی سلێمانی و هەڵەبجەی نەنارد ئەوا ئەم دوو پارێزگایە پەرلەمانانە کارتۆنین و نوێنەری کەمایەتیەکی بچوکن هیچ دەسەڵاتێکیش لەدەستیاندا نییە، بەڵکو دەسەڵات لەم دەڤەرەدا بەدەست میلیشیا قەومی و دینیەکانەوەیە کە هیچ لە بەرژەوەندی زۆربەی خەڵکدا نین، بەڵکو لە بەرژەوەندی کەمایەتیەکی چاو چنۆک وخۆپەرست وبەرژەوەندخوازە و بەڵگەش بۆ ئەم قسەیە هەڵتۆقینی دەیان ملیارێدێر وهەزاران ملیۆنەرە کە زۆربەی زۆریان بەرپرسانی ئەم هێزە میلیشیاو قەومیانەن. هەربۆیە خەڵک لە عێراق و لە کوردستان لەدوا هەڵبژاردندا نەچوونە پێش سندوقەکانی پەرلەمانی عێراق نیشانیاندا کە ئەوە درۆیەکی گەورەیە، ئەم دووحیزبە کەوتنەوە ململانێ لەسەر بەرژەوەندیەکانیان. ئەوانەی کە خۆیان بە ئۆپۆزسیۆن دەزانی وەک نەوەی نوێ و یەکگرتووی ئیسلامی و کۆمەڵی دادوەری دەرکەوت کە هیچ جیاواز نین لە یەکێتی پارتی و دەنگدانیان بۆ بڕیارەکان هەروەک ئەوان بوو. پارتی و یەکگرتوو و نەوەی نوێ و کۆمەڵ دەنگیاندا لەسەر نەدانەوەی پاشەکەوتی مووچە یا بڵێم دزینی بەشێکی مووچە بەو مەرجەی پەرلەمانی عێراق دەست هەڵگرێ لەوەی دەسەڵاتی هەرێم هەڵوەشێتەوە، لەولاوە

**تەجروبەی ٣١ ساڵی پەرلەمانی کوردستان و ٢٠ ساڵی پەرلەمانی عێراق ئەوەی سەلماندوە کە گۆڕانکاری ڕیشەیی لە ڕێگای پەرلەمانەوە نەکراوە و ناکرێ، بەڵکو بارودۆخی خەڵك خراپتر بووە. هەر بۆیە خەڵکی عیراق و کوردستان دەبێ باوەڕ بەدرۆکانی ئەم حیزبە ملیشیا دینی و قەومیانە نەکەن و خۆش باوەڕ نەبن بە وەعدە وبەڵێنەکانیان...**

داوای بەشە بودجە لە حکومەتی بەغدا بکەن و خۆیان جیا بکەنەوە. ئەم جۆرە کۆبوونەوەو دەنگدانە شتێکی تازە نییەو هەر لەسەرەتای ساڵي ٢٠٠٣وە تا ئێستا بەردەوامی هەیە بێ ئەوەی ئاڵوگۆڕێ بە قازانجی خەڵک ڕوویدابێ، بە پێچەوانەوە ئاڵوگۆڕەکان هەمیشە لە قازانجی کەمایەتیەکی کۆمەڵگە بووە لەهەمان کاتدا لە بەرژوەندی بەرپرسانی دوو دەسەڵاتداری بەغداو هەولێر بووە. ئەگەر ئاڵوگۆڕێک لە ژیانی خەڵکدا ڕوویدابێ ئەوە زیاتر هەژارکردن و برسیکردنی بووە، بێکاری و نەخۆشی کوشندەو درێژخایەن و مردنی مرۆڤەکان زیاتر بووە. تەعریب زیاتر بووە خورافات وجەهل و نەزانی زیاتر بووە. یاسای کۆنەپەرستانەی فرە ژنی زیاد بووە و نوسینگەی ژن و کچی منداڵ بۆ بە شودانی موتعە وسیغە زیادی کردووە. ئەوە مێژووی ٢٠ ساڵی پەرلەمانی عێراقە بەهەمان شێوە مێژووی پەرلەمانی کوردستانیش لە ئەو باشتر نەبووە. هۆی ئەمەش دەگەرێتەوە بۆ ئەوەی کە جگە لەوەی سیستەمی پەرلەمانی بەکەڵکی کۆمەڵگە نایەت وە بەتایبەتیش کە ئەم جۆرە دەنگدان و بایکۆتی هەڵبژاردنەکەیان کرد و ڕێژەی دەنگدان نەگەیشتە لە ٢٠٪ بەشێوەی تێکڕایی لەسەراسەری عێراقدا. هۆکاری ئەمەش ئەوە بوو خەڵک ئەو ڕاستیانەی دەزانی و دەیزانی پەرلەمان هیچ لەگرفت وکێشەکانیان چارەسەر ناکا بەڵکو مەینەتی زیاتر دەکات. خەڵک بایکۆتی ئەم هەڵبژاردنەی کرد وەک درێژەی ناڕەزایەتیان بەرانبەر بەم دەسەڵاتە، ئەم ڕێژەیە لەدەنگدان بەپێی پرەنسیبە پەرلەمانیەکانی جیهانیش شەرعیەت نادا بە پەرلەمان لەهیچ شوێنێکی جیهان. بۆیە هیچ بڕیارو یاسایەکی ئەم پەرلەمانە شەرعیەتی نییە. پەرلەمانێک نەتوانێ کێشەی هەژاری و نەداری و کێشەی خزمەتگوزایەکانی وەک ئاو و کارەبا و ئاوەڕۆ وجادەو بان چارەسەر بکات، ئیتر چۆن دەکرێ وەک ناوەندێک بۆ چارەسەری کێشەکان چاوی لێ بکرێ. ئەوەی لەم ڕۆژانەدا ڕووی دا ململانێی حیزبەکان و میلیشیاکان بوو لەسەر بەشی زیاتر بۆ خۆیان لە سامانی وڵات. تا دوێنێ بوو پارتی و یەکێتی باسی ڕێکەوتنیان دەکرد و گوایا کۆبوونەوەکانیان زۆر ئیجابی بووە، کەچی لەناو هۆڵي یەکێتی دەنگیدا بۆ گەڕانەوەی لە سەدا ١٠ی مووچە و لەهەر کاتێکا حکومەتی هەولێر بەشەی بودجەی سلێمانی نەدات ئەوا بەشەی بودجەی سلێمانی و هەڵەبجە وئیدارەی ڕاپەڕین وگەرمیان ڕاستەوخۆ لە بەغدا وەربگرێ. لێرەدا جارێکی تر و زیاتر ڕوون بوویەوە کە ئەم حیزبانە دوژمنی سەرسەختی خەڵکی کوردستانن، بەڵام شەرەکەیان لە بەغدا بە ناوی بەرگری لە بەرژەوەندی خەڵکی کوردستان بوو. بۆ ئەوەی خۆشباوەڕی خەڵک بە خۆیان زیاتر بکەن و سۆزی خەڵک بۆ خۆیان ڕابکێشن، بەڵام لە ڕاستیدا ئەمانە بۆ بەرژەوەندی خۆیان و سەرمایەداری کورد ئەو شەڕە لە پەرلەمان دەکەن. جگە لە پارتی و یەکێتی، نەوەی نوێ ویەکگرتوو وەکۆمەڵیش بەهەمان شێوە لە بەرژەوەندی خەڵکی ستەم لێکراوی کوردستاندا نین، ئەمانەش هەموو سیاسەت و پلانێکیان بۆ پتەوکردنی ئەو جۆرە سیستەمەیە کە ستەم لە خەڵک دەکات وەک ئەم پەرلەمان و دەسەڵاتەی عێراق وکوردستان. تەجروبەی ٣١ ساڵی پەرلەمانی کوردستان و ٢٠ ساڵی پەرلەمانی عێراق ئەوەی سەلماندوە کە گۆڕانکاری ڕیشەیی لە ڕێگای پەرلەمانەوە نەکراوە وناکرێ، بەڵکو بارودۆخی خەڵک خراپتر بووە. هەر بۆیە خەڵکی عیراق و کوردستان دەبێ باوەڕ بەدرۆکانی ئەم حیزبە ملیشیا دینی و قەومیانە نەکەن و خۆش باوەڕ نەبن بە وەعدە وبەڵێنەکانیان. ڕاکێشانی هەست و سۆزی خەڵک لەلایەن سەرکردەو بەرپرسانی ئەم حیزب و گروپانەی دەسەڵات و ئۆپۆزسیۆن دەبێ پووچەڵ بکرێتەوە. ئەوەی بارزانی دەیڵێ هەرێمی کوردستان نەک هێڵی سوورە، بەڵکو هێڵی مەرگەو کوردستان یا نەمان دروشمێکە بەدرێژایی تەمەنی حزبەکەی بەکار هێنراوە بۆ ڕاکێشانی عاتیفەی خەڵک و فریوی داون، چونکە درۆیان کردوە و هەرگیز نە کوردستانیان بۆ گرنگ بووە نە خەڵکەکەی. دەورانێک کەواسووری بەرلەشکری جمهوری ئیسلامی بوون و دەورانێک لەشکری بەعسیان هێناوەتە سەر کوردستان و ئێستایش بەشێکی کوردستانیان تەسلیم بەتورکیا کردووە. ئەوەش باروگوزەرانی خەڵکی کوردستانە، جگە لەهەژاری وقەیران لەدوای قەیران هێناویانە. بۆیە خەڵک سادەترین خزمەتگوزاری وەک ئاو و کارەبا و جادە بانیان نیە بۆ ئەم خەڵکە. ئەمە یەکێتیش بە هەمان شێوە سوپای پاسداری هێناوەتە کوردستان و لە ١٦ ئۆکتۆبەری ٢٠١٧ دا بووە هاوکاری حەشدی شەعبی و لە سەدا ٥٠ ی خاکی کوردستانی تەسەلیم بە حکومەتی عێراق کردوە. سەرۆکی جولانەوەی نەوەی نوێش وەعد بە خەڵکی کوردستان دەدات ئەگەر دەنگیان بدەنێ ئەوان پاشەکەوتی مووچە دەدەنەوە بە خاوەنەکانیان، لەکاتێکا خۆی چەند ملیار دۆلاری خەڵکی لایە ئێستا نایگەڕێنێتەوە بۆیان. دوا قسەم ئەوەیە چ حیزبەکانی دەسەڵات و چ حیزبەکانی ئۆپۆزسیۆن بە ئیسلامیەکانیشەوە نوێنەری بەرژەوەندیەکانی بۆرژوازین و دوژمنی بەرژەوەندیەکانی خەڵکی کرێکارو زەحمەتکێشن، شەڕیش بۆ بەرژەوەندیەکانی خەڵک لە ناو پەرلەمان ناکرێ، بەڵکو لەسەر شەقام دەکرێ بە ناڕەزایەتی و ڕاپەڕین و شۆڕش دەکرێ بۆ ڕاماڵینی سەرجەم ئەم هێزانە و بەدیهێنانی دەسەڵاتی نوێنەرانی ڕاستەقینەی خەڵک. تا ئەوکاتەی ئیمکانی شۆڕش نییە، خەڵک دەتوانێ بە ناڕەزایەتیەکان مافەکانیان بسەپێنن ومووچەی پاشەکەوتکراو وەرگرنەوە و کارەبا وخزمەتگوزەرانیەکانیش بۆ خۆیان دابین بکەن، ئەمە تەنها ڕێگایە.

**پرسی موچە وەکو هەرکام لە پرسەکانی تری ململانێی لەگەڵ بەغدا لەلایەك و لەناو ریزی ناو خانەوادەی بۆرژوازی کوردا لەلایەکی ترەوە، نیشانیدا کە ناسیونالیزمی کورد و باڵەکانی لەهەردوو زۆنی زەرد و سەوزدا هەموو خەون و خەیاڵ و ئاسۆی سیاسیان لە دەستگیر بوون لەبوجەدا وەکو شای خەونەکانیان، کورت بۆتەوە...**

**پرسی ڕۆژ گۆشەیەکە ئاراس ڕەشید هاوکاری سەرنووسەری بۆپێشەوە ئامادەی دەکات. هەوڵدەدات یەکێک لەپرسە گەرمە سیاسی یان کۆمەڵایەتیەکانی کۆمەڵگەی کوردستان بخاتە بەرباس لە ڕێگەی کەسایەتی سیاسی و کۆمەڵایەتی شارەزا لەو بوارەدا...**

bopeshawa@gmail.com

## بەرێز یوسف عوسمان چاوێری سیاسی وەڵامی پرسی رۆژی ژمارەی داوەتەوە...



گفتوگۆ و دەنگدان لەسەر بودجەی عێراق لە پەرلەمانی عێراقدا ، بەئامادەبوونی نوێنەرانی حزبەکانی کوردستان، مشتومڕێکی گەورە و بەهێزی هێناوەتە ناو شەقامی سیاسی و کۆمەڵایەتی لە هەرێمی کوردستان. زۆری قسەوباسەکانیش لەسەر بچووکردنەوەی قەوارەی هەرێمی کوردستان تادەگات بە هەڵوەشاندنەوەی ئەو قەوارەیە بەهۆی دەرچوونی یاسای بوودجەی ٢٠٢٣وەیە! ئێوە دەڵێن چی لەوبارەوە؟ وە ئایا نوێنەرانی کورد بەتایبەت حزبە دەسەڵاتدارەکان چەندە لەبەرژەوەندی خەڵک دەنگ بۆ بڕگە و بەندەکانی ناو پرۆژە یاساکە دەدەن بەتایبەت ئەوەی پەیوەندە بە گێڕانەوەی مووچە پاشەکەوتکراوەکان؟

بەرێز یوسف عوسمان چاودێری سیاسی بەمجۆرە وەڵامی پرسی رۆژی بەکورتی داینەوە:

**"بە لای ئێمەوە هەرێمی کوردستان نەك تەنیا هێڵی سوورە بەڵکو هێڵی مەرگە و یان کوردستان یان نەمانە.** " (مسعود بارزانی ١١ی حوزەیرانی٢٠٢٣)

بەگوێرەی ئەو بەیانە بەپەلەی ئێستای بارزانی بێت، کەدوا دوودێری کۆتاییەکەیەتی . ئەودۆخە وەک خۆی نەمێنێ و تەواو تێک بچێت. بەکورتی ئەوەی بارزانی دەیەوێت، لەئێستادا یەکێتی و شیعە بەئاسانی ناچنە ژێرباری. چونکە کۆی ئەوبڕیارو ڕاسپاردەو تەعدیل و لابردن و ئیزافەکردنانەی بڕگە یاساییەکانی بودجە. لەوچەند ڕۆژەی ڕابردووی کۆبونەوەی پەرلەمانی عێراق لەگەر تێڕوانینی بارزانی نایەتەوە، لەو حوکمڕانیە تاک دەسەڵاتەی ئێستایان لەکوردستان. کەواتە؛ لێرە تورکیا لەبۆ تێکدانی ئەو بارودۆخە دوایین کارت لەدەستی بارزانیدا مابێتەوە .

ئەوەی بابەتی بێمانایە مەحافیلی دەولی ودەوروبەرە کەکاریگەری ئەرێنیان نیە. بەڵکو خراپ بوونی ئەودۆخە لەئەجێنداو بەرژەوەندی هەموو لایەکە، جگە لەخەڵکی کوردستان! واتێدەگەم، بەلای بارزانی بەنەزمی جاران ئەگەر پێیان چاک نەکرێت، ئەوا بەدڵنیایەوە دەتوانن و بەئاسانی خراپی بکەن .بەسادەترین ئاماژەش دابەشنەکردنی مووچەیە.

## کرێکاران، زەحمەتکێشان، لایەنگرانی وشەو دەنگی ئازاد!

بڵاوکراوەی بۆپێشەوە، زمانی تیژ و پاراوی کۆمۆنیستی و ئازادیخوازی ئێوەیە، دەنگ و سەکۆی بزوتنەوەی نارەزایەتی سۆسیالیستیتانە، بەدژی نیزامی زاڵمانەی سەرمایەداری و سەکۆیەکی لێبراوە بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی فکر و ڕاگەیاندنی دارزیوو فریوکارانەی بۆرژوازی و بزوتنەوە ڕەوتە سیاسی و فکری و حزبییەکانی...

بۆ ئەوەی بۆ پێشەوە بتوانێت نەخشی چینایەتی و ئەرکی پێناسەکراوی خۆی سەرکەوتوانە بباتە پێشەوە، لە هەواڵی نارەزایەتییەکانتان، لە خۆپیشاندان و مانگرتن و خواستەکانتان، لە کێشەو گیروگرفتەکان و ڕێگریەکانی بەردەم خەبات و یەکگرتوویتان، بەردەوام ئاگاداری بکەن... ئەو هەواڵانەی حزب و بزوتنەوە و میدیای بۆرژوازی و سێبەریان، دەیانەوێ بەلاڕێ، یان پەردەپۆشی بکەن، ئێوە بە ئێمەی بگەیەنن... ئەو ڕاستیانەی ئەوان پەردەپۆشی دەکەن، لە ڕێگای بۆپێشەوەوە، پەردەی لەسەر هەڵبماڵن... هەواڵی نائەمنی شوێنی کار و قوربانیانی، هەواڵی سەرکوت و دزی و تالانی دەسەلات و کۆمپانیاکانیان، هەواڵی توندتیژی دژ بەژنان و قوربانیەکانیان، هەواڵی پێشێلکاری ئازادیە سیاسیەکان، ئازادی ڕۆژنامەگەری و ئازادی مافە فەردی و مەدەنییەکان... بە ئێمە بگەیەنن. بۆپێشەوە، دەنگی سازش هەڵنەگرو سەکۆی ڕاستبێژی و مەیدانێکی گرنگی ئێوەیە، لە پێناو دنیایەکی باشتردا. لەهەر جێگاو گۆشەیەکی ئەم دنیایەن لەپەیوەندی بەردوامدابن لەگەڵیدا...ئەمەی خوارەوە ئەدرەس ئیمێڵ و پێگەی بۆ پێشەوەیە..

bopeshawa@gmail.com

www.bopehsawa.net

# نەوەی نوێ لەکۆمپانیاوە بۆ حزب سازی

**عەبدولا مەحمود**

کەم شوێن هەیە لەدنیادا، هێندەی جەماوەری کوردستان دەگیری دۆخی نائاسایی بێت. کەم جغرافیا هەیە هێندەی کوردستان پارچە پارچەکراو بێ ئاییندە بێت. کەم شوینیش هەیە هێندەی کوردستان حزبی سیاسی عەنتیکەی تیابێت.

زوربەی هەرەزۆری حزبە سیاسییە بۆرژوازییەکانی ئێستا بونەتە کۆمپانیا، کۆمپانیایەکی هەزار سەر بۆ وەبەرهێنان و تالانی، لە رێگای داسەپاندنی دەسەلاتی سیاسی و بەشداری لەدەسەلاتدا.

پارتی و یەکێتی، گۆڕان... بەوێنەی سێ حزبی سیاسی بەشدار لەدەسەلات... بەکردەوە بوونەتە کۆمپانیا و دوورو نزیک پەیوەندیان بە چارەسەری هیچ پرسێکی هاولاتیانی کوردستانەوە نەماوە، لەوەش زیاتر خۆیان بونەتە گەورەترین کۆسپ و رێگر لەبەردەم هەر هەوڵ و جوڵەیەکی تر لە پێناو کەمترین ئالوگۆر سیاسی و کۆمەلایەتی و ئابوری و فەرهەنگی. بازاڕ و هەموو جومگەکانی وەبەرهێنان و بەلێندەرایەتی، پالاوگەی نەوت و بازرگانی، گومرگ و باج و سەرانە، دەروازە سنورییەکان، تا دەگاتە دەستبەسەراگرتنی سەدان و هەزاران دۆنم زەوی و بۆ خانو باغ و کۆشک و تەلارەکانیان.

لەبەرامبەردا لەم هەموو تالانی و راوروتە ئاشکرایە ئامادەنین بەشێکی زۆر ناچیزی بدەنە دەست هاولاتیان و بەرهەم هێنەرانی کۆمەلگە، لە جیگای ئەوە بەری دەسترەنجی کرێکاران و کارمەندان و جەماوەری بێبەش هەلدەلوشن و لەو کرێ و موچە زۆر کەم و لێقرتینراوەش، دیسان دەدزن، نایدەن و دوای دەخەن... کەرتەکانی خوێندن و پەروەردە، تەندروستییان وێران کردووە، لەژێر چەپۆکی خۆیاندا بەرەوخنکاندنی تەواوەت راپێچ دەکرێن.

ئەم حزبانە لەهەر جێگا و شوینیک، تەنانەت لە یەک ژووردا، لە یەک دیناری چاپدا، لەیەک دەققە بەرهەم هێناندا، لەهەرە ژەمە خۆراکێکی هاولاتیاندا، لەیەک ساتدا و لەهەر جێگایەک بوونیان هەبێت، دەدزن و دەدۆشن.

ئەم حزبانە لەم هەموو دزی و تالانی و بێ دەربەستیە، لەم هەموو خۆ بەخاوەن زانینەی سامان و داهاتی هاولاتیاندا، هێشتا هیچ بەرنامەو نەخشیەکیشیان بۆ ئایندەی ئەم هەرێم و جغرافیایەی ژێر قەلەمرەویان نییە... تالانی و دزی، لەهەموو شتێک و لەهەموو ئاستێک و لەهەموو گۆشەیەک... بۆتە قیبلەنومای کاریان، حکومەت و پەرلەمان و دادگای حزبیان، میدیا و خێلی کادری حزبی کاریان رەواییدانە بەو دزی و تالانییەو خۆشیان بەشێکن لەم فەرهودە راستەوخۆ و رەسمی و نارەسمیەی، کە هەر کەسێکی ویژدان زیندو دەیزانێت.

بەکردەوە ئەم حزبانە بوونەتە کۆمپانیاو بەکردەوەش خاوەنی هیچ بەرنامەو نەخشەی سیاسی و هەلگری هیچ بژاردەیەک بۆ چارەسەری هیچ کیشە و گرفتێکی کۆمەلایەتی و سیاسی و ئابوری ناوخۆیی دەرەکی نین.

لەو چوارچێوەیەدایە ئەو حزب و رێکخراو و جولانەوەی سیاسیانەی تر کە دێنە مەیدان و پێدەگرن، بەهەمان نەفەسی کۆمپانیا سازی خۆیان دەخەنە روو، وە دەچنە بەرامبەرکێی حزبەکانی دەسەلاتەوە. دیارە هەموویان چ ئەوانەی لەدەسەلاتن و چ ئەوانەیشی پێدەگرن و پێکدێن، وەبەرهێنان و بەهرەبەرداری لەمەسەلەو گرفت و کیشەکانی جەماوەری بێبەشی کوردستان دەکەن.

بزوتنەوەی گۆڕان و ئیسلامیەکان.... وەکو حزب و رەوتی سیاسی هاتن و ویستیان و هەولیاندا بگەنە دەسەلات، زۆریان وت و زۆر بانگەشەیان کرد و خەونەکانی جەماوەری بیبەشیان لە بەرۆکیاندا، کە گەیشتنە دەسەلات، بە قەبارەی خۆیان دەمیان ژەنییە داهاتی تالانکراوی خەلکی بێدەرەتانی کوردستان و بوونە کۆمپانیای لوشدان و هاوبەش لەگەل دەسەلاتی تالانچی پیشوو.

لە ئیستادا جولانەوەی نەوەی نوێ، بە سەرۆکایەتی بازرگانێکی ناو ململانێی کۆمپانیا حزبیەکان، پێگرتوو لە کەشی گەندەلستانی دەسەلاتی سیاسی کوردستاندا، دەیەوێت بەرەو بەشداری دەسەلات بچیت، تا زامنی دزی و تالانی بکات و زەمینەی فراوانتری بۆ دزی و تالانی بە نسیب بێت. حزبە سیاسیەکانی ناو خانەوادەی بۆرژوازی کورد، لە رێگا دەسەلاتەوە بوون بە کۆمپانیا، ئەم جارە خاوەن کۆمپانیاکان دەیانەوێت ببن حزب و دوبارە کۆمپانیا سازی بکەن لە کەشێکی بەفەرمی ناسراوی ژێر سایەی دەسەلاتی چەکداری میلیشیایی حزبیدا. بەم جۆرە حزب دەبێتە کۆمپانیاو کۆمپانیا بەرەو حزب هەنگاو دەنێت... هۆکارەکەشی ئەوەیە دەسەلات و رادەی دەسەلات، پێوەرە بۆ کاری کۆمپانیاسازی و دزی و بەرینترو رەسمی تر!!

جولانەوەی نەوەی نوێ هیچ پرانسیب و فۆرمێکی ریکخراوەیی و حزبی نییە، مەکتەب سیاسی و کۆمیتە ناوەندی و ریکخراوەی خۆجێی و لۆکالی نییە، ناوەندی لێپرسینەوە بڕیاردانی بەکۆمەلی نییە... بەکردەوە سەرۆکی کۆمپانیاکان، کەسێک لەڕیگای داهاتێک کە لە گەندەلستانی کوردستانی ژێر دەسەلاتی بزوتنەوەی کوردایەتیدا بەدەستی هێناوە، بەکەلک وەرگرتن لە میدیایەک کەهەیەتی، دەیەوێت ببێتە کۆمپانیایەکی حزبی و لەو رێگایەوە، کاری کۆمپانیاسازی لە ئاستیکی فراوانتر و رەسمی تردا بەرەوپیش ببات و ڕیگریەکانی بەردەم بەرینبوونەوە و بلاوبوونەوەی لاببات. بەپێچەوانەی هەموو حزبە سیاسیەکانی تری کوردستان و کاری حزبایەتی، ئەگەر سەرۆکی جولانەوەی نەوەی نوێ دەستی لەکارکیشایەوە جولانەوەکە دەمرێت، ئەگەر تۆرا، کۆتایی دێت... یانیش وەکو سەرجەم حزبەکانی تر جێگاکەی بەیەکێک لە خانەوادەکەی دەسپێردرێت و هەمان رێرەوی تەوریسی سیاسی تۆختر دەکەنەوە.

کاری سەرەکی ئەم جولانەوەیە بۆ راکیشانی هاوسۆزی دەنگ سازی و گەیشتن بەدەسەلات، خستنە گەرێ بەشیک لەو ئیمکانەتە فراوانەیە، کە لەژێر سایەی دەسەلاتی گەندەلستانی کوردستاندا دەستی کەوتووە. لەو سەرمایەی لەبەردەستیەتی ئاو دابەش دەکات، بەنزین وەکو کەمپەینێک بۆ چەند رۆژ هەرزان فرۆش دەکات، چەند دەبە نەوتێک دەداتە خێزانە کەم دەرامەتەکان، پردیکی داروخاو، بینادەنێتەوە، رێگایەکی کورتی ناچیز نۆژەن دەکاتەوە، چەندین ناوەندی خەیاتی و پیشەیی دەکاتەوە.... ئەو رۆلە دەگێڕیت کە یەکگرتووی ئیسلامی لەکاتی هاتنە مەیدانییدا لە رێگای کاری خێرخوازی و ئارد دابەش کردن و موچە برینەوە و کردنەوەی کۆرش بۆ منالانەوە، لەرێگای ئەو داهاتەی لە ولاتانەوە وەری دەگرت، دەیویست ببیتە هیز و دەستی لە دەسەلات گیرببێت...

نەوەی نوێ هەمان ئەلگۆی کاری خێرخوازی و بە بەکارهینانی بەشیک لە داهاتی کۆمپانیاکانی سەرۆکی جولانەوەکە، کە لەدزینی دەسترەنجی هاولاتیانی بیبەشەوە کەلەکەی کردووەو دەکات، دەبەخشیتەوە بە هەندێک کاری ناچیز بۆ خەلک... دیارە ئەو رەوشت و ئەلگۆیە لە کاری سیاسیدا، بیئیرادەکردنی رۆلی جەماوەرە، بۆ شاردنەوەی شارەگەکانی دزی و کەلکەی سەرمایەدارییە، بۆ دورخستنەوەی جەماوەری بەش مەینەتە لەدەستبردن بۆ کاری ریکخراو و خەباتکارانە. وە بەمانای وشە بۆ تیکشکاندنی ئیرادەی جەماوەرییە. هەر لەراستای ئەم ئیرادە شکاندنەدا، چەندین جار بۆ شکاندنی مانگرتن، خاوکردنەوەی تورەییەکان، نەوەی نوێ لەڕیگای ئەو ئیمکانیەت و توانەیەی هەیەتی، مانگرتنی کرێکارانی بەشکست کیشاوە، تورەیی خەلکی بۆ ئاو نەوت، لەڕیگای دابەشکردنیانەوە، خاو کردۆتەوە و بەهانای دەسەلاتەوە چووە.

ئەم جولانەوەیە لەگەل ئەوەدا شانسی دورمەودای نییە، بەلام لەکورت ماوەدا و لە نەبوونی هیزێکی سیاسی راستەقینە کە نوێنەرایەتی خواستە رەواکانی جەماوەری بیبەشی کوردستان بکات شانسی ئەوەی هەیە بەشیک لە جەماوەری نەدار و برسی بەشیوەی کاتی، لەدەوری خۆی کۆبکاتەوە و بیانکاتە دەنگی بەدەستهینانی چەند کورسیەکی پەرلەمانی و خۆیشی ببیتە موچەخۆرێکی یاسایی!! لەدەسەلاتدا، کە مانگانە چەند ملیۆن دۆلارێک وەربگرێت.

لەهەلومەرجی ئێستای کوردستاندا، بەکردەوە جەماوەری بێبەشی کوردستان لەگەل چەند دەسەلاتێکی کۆمپانیایی بەرەورووون تا دەسەلات و حزبی سیاسی... راستە ئەم حزبانە، دەرهاویشتەی بزوتنەوەی کۆمەلایەتی بۆرژوازی ناسیونالیستین و لەسەر زەمینەی بێمافی سیاسی خەلکی کوردستان و خواستە ئابوری وسیاسی و کۆمەلایەتیەکانی ئەوان و بە بانگەوازی رزگاریان هاتوونەتە مەیدان... بەلام دنیا واقعی و ئەزموونی بەکردەوەیان روخساری چەند کۆمپانیایەکمان نیشان دەدات تا حزبی سیاسی. ئۆپۆزیسیۆنی ناو هەمان خانەوادە بەچکەی هەمان بزوتنەوەی کۆمەلایەتین. جەنگ و بەرامبەرکێیان بۆچوونە ناو دەسەلات، بەرامبەرکی و جەنگە بۆ کۆمپانیابوونی فەرمی و بەرینکردنەوەی دزی و تالانی.

جێگای سەرسامی نییە، رەوتێکی وەکو جولانەوەی نەوەی نوێ، باسی خۆپیشاندان و بەرگری لە ماف و قوتی خەلک بهێنتە گۆڕ. وەبەرهێنان لە نارەزایەتی جەماوەری لەدژی دەسەلات بکات، چونکە بێ ئەو درۆیە، بی ئەو بانگەشەیە، ناتوانێت سواری بەشێک لە بزوتنەوەی نارەزایەتی جەماوەی بێت، ناتوانێت و شانسی گەیشتن بە کاروانی ململانێی کۆمپانیا سازی لەهەرێمدا نابێت کە حزبە سیاسیەکانی تر دەی ئاژۆن.

بزوتنەوەی واقعی و نارەزایەتی بەرحەقی جەماوەری، لەدژی دەسەلاتی سیاسی و بەکردەوە لەدژی ئەو کۆمپانیانەی لەرێگای دەسەلاتی سیاسیەوە پاوانی بازار و هەموو جومگەکانی تالانسازیان کردووە، ناتوانێت بەسەرکەوتن بگات، ئەگەر لەیەکەمین راسانی خۆیدا، دەست بۆ بەسەرداگرتنی سامانی ئەو حزب و دەسەلاتە سیاسی و بەرپرسەکانیان، لە حزب و حکومەتدا نەبات... رامالینی دەسەلات هاوکاتە بەڕامالینی چەند کۆمپانیایەکی حزبی دەسەلاتدار، کە لەڕیگای ئەو دەسەلات و هێزەی هەیانە، دەمیان ژەنیوەتە هەموو سامان و داهاتی ئیستاو داهاتووی کۆمەلگەوە... بێگومان رۆلی بنچینەیی و رابەری بۆ ڕامالینی دەسەلاتی ئەو کۆمپانیایانەی کەهێشتا ناوێ حزب و ئارمی حزبیان پێوەیە، ئەرکی بەشی پێشرەوی چینی کریکار و جەماوەری تالانکراو و بێبەشی کوردستانە، کە خاوەنی ئەسلی بەرهەم هێنان و سامان و داهاتی کۆمەلگەن.

**بەپێچەوانەی هەموو حزبە سیاسیەکانی تری کوردستان و کاری حزبایەتی، ئەگەر سەرۆکی جولانەوەی نەوەی نوێ دەستی لەکارکیشایەوە جولانەوەکە دەمرێت، ئەگەر تۆرا، کۆتایی دێت... یانیش وەکو سەرجەم حزبەکانی تر جێگاکەی بەیەکێك لە خانەوادەکەی دەسپێردرێت و هەمان رێرەوی تەوریسی سیاسی تۆختر دەکەنەوە...**

# ئافرەت و هێزی کار"

## نووسینی: شوانە حەسەن ئەبوبەکر

لەجیهانی ئەمرۆدا سێکتەرە جیاوازەکان توانیویانە هەریەکەیان بەپێی زەروورییەتی کۆمەڵگە و جیهان رۆڵی سەرەکی ببینن. یەکێک لەو سێکتەرانە کەراستەوخۆ کاریگەری لەسەر ژیانی تاک هەیە و لەئاستی جیهانیشدا بۆتە فاکتەری دەست بەسەرداگرتنی جیهان، سێکتەری ئابوورییە.

لەکۆمەڵگەدا، هەردوو رەگەز هەوڵی بەدەستهێنانی سەرچاوەیەکی ئابووری باش ئەدەن یاخود دەبنە سەرچاوەی ئابوری بۆ کۆمەڵگەش، پرسی جەوهەری لەم نێوەندەدا ئەوەیە ژنان و ئافرەتان تا چەند توانیویانە ببنە سەرمایەدارێکی بەتوانا یاخود هەرنەبێت ببنە خاوەن سەرچاوەیەکی ئابوری سەربەخۆ.

روانینی کۆمەڵگە بۆ ئاستی بەرهەم هێنان و توانا جەستەییەکانی ژنان گۆرانی بەسەردا هاتوە، ئێستا ئافرەت خۆی خاوەن کارە و بۆتە سەرچاوەی بژێوی بۆ کەسانی دیکەش بەهەردوو رەگەزەوە، لەلایەکی دیکەوە کۆمپانیاکان هەوڵ ئەدەن هێزی ئافرەتان بخەنە گەر لەبەر پابەندبونیان بەکات و بەردەوامبونیان لەکارەکەیان، هەرچەندە ئەم خاڵە مشتومڕی زیاتر هەڵدەگرێت بەتایبەت لەرووی کرێی کارکردنەوە کە بەراورد بە رەگەزی نێر جیاوازترە، بەڵام لەهەموو ئەگەرەکاندا بەهرەو سەلیقەی ئافرەتان هۆکاری بەرجەستەکردنی ژینگەیەکی ئابوری باشترە بۆ کۆمپانیاکان و پاراستنی سەرمایەکانیان.

دەکرێت ئاماژە بە چەند خاڵێک بدەین کە فاکتەری پاراستن و بەردەوامی هیزی ئابووری ئافرەتانە:

١.پێداگیری و بەردەوامبوون لەسەرکەوتن، دەبێتە چەقی بەرەوپێشکەوتن و پاشکەوتکردنی باشتر.

٢. یەکسانی موچە و کرێی کار هاندەرێکی ئەرێنیە بۆ هەردوولا، هەم بۆ دەستی کاری ئافرەتان و لەلایەکی دیکەش بۆ خاوەن کار و کۆمپانیاکان.

٣.هەوڵدان بۆ بوون بەلیدەر لەنێوەندی کارەکەدا، بەپێی توێژینەوەیەک لە ٣% ژنان لەهەوڵی بون بەلیدەر دەدەن لەکاردا، ئەم بێ ئامانج و خواستی نەبونی بە لیدەر دەبێتە هۆی ئەوەی کە ژنان هەمیشە لەکارکردندا لەخوار پیاوانەوە بن و جێبەجێکەری فەرمانەکانیان بن.

٤. بەرجەستەکردنی کلتوری داهێنان و برەودان بەتوانا مرۆیی و جەستەییەکان.

٥.تێکشکان و خوڵقاندنی کلتوری گرنگیدان بە توانای ئافرەتان لەبواری ئابوریدا، ئەم خاڵە لەزۆر کۆمەڵگەدا بەرچاو دەکەوێت کە هێزی کاری ژنان بەهەند وەرناگیرێت، لەبەرامبەر ئەم بیرکردنەوەیەدا دەبێت ژنان زیاتر گرنگی بەتوانا مرۆیی و جەستەییەکانی خۆیان بدەن، بۆئەوەی کۆمەڵگە سود لەهێزی کاریان وەربگرێت.

٦.زاڵبون بەسەر کۆسپ و رێگرییەکاندا، تەنانەت ئەگەر لەسەخترین کاردا بوو دەبێت بۆ سەرکەوتن و بەردەوام بون لەکارەکەی هەوڵی فێربون و گەشەپێدانی خۆی بدات بۆئەوەی قۆناغە سەختەکان تێپەرێنێت نو لانی کەم ببێتە خاوەن ئابووری سەربەخۆ.



## پرسی ژن

بەمەبەستی تاوتوێکردنی بنەماو هۆکارە سەرەکیەکانی توندوتیژی و رێگەگرتن و کۆتاییهێنان بەو دیاردەیە، بۆ پێشەوە، ئەم تەوەرە تایبەتییەی کردۆتەوە کە لەهەر ژمارەیەکی دا لە رێگای وتار، دیمانە،

راپۆرت، بابەتی وەرگێڕدراو... تیشك دەخاتە سەر هەلومەرج و پرسی ژنان و خستنە رووی ئەزموون و رێگاچارەی ئینسانی و یەکسانیخوازانە

**بەرپرسی گۆشە: شوانە حەسەن ئەبوبەکر**

?

### لە بەرنامەی دنیایەکی باشترەوە، دوو پەرەگرافی گشتی لە پەیوەند بە:

**یەکسانیی ژن و پیاو،**

**قەدەغەکردنی جیاکاری لەسەر بناغەی ڕەگەزی**

جیاکاری لەدژی ژنان تایبەتمەندیەکی گرنگی دنیای ئەمڕۆیە. لە بەشی هەرەزۆری وڵاتانی جیهاندا، ژنان بەڕەسمی و بە یاسایی تەنانەت لەو ماف و ئازادیە بەرتەسک و بێبایەخانەش بێبەشن کە پیاوان لێی بەهرەمەندن. لەو وڵاتانەدا کە لە ڕووی ئابووریەوە دواکەوتوون، هەروەها لەو کۆمەڵگایانەدا کە دین و نەریتە کۆنەکان ڕیشەیەکی قووڵتریان لەنێو نیزامی سیاسی و ئیداری و کەلتووریی کۆمەڵگادا هەیە، ستەمکێشی و بێمافی و ژێردەستەیی ژن بەئاشکراترین و قێزەونترین شێوە خۆی دەنوێنێ. لە وڵاتانی پێشکەوتووتر و مۆدێرنتردا و تەنانەت لەو کۆمەڵگایانەشدا کە لەسایەی بزووتنەوەکانی لایەنگر لە مافەکانی ژنان و هەڵمەتە سۆسیالیستیە کرێکارییەکان جیاکاریی جنسی بەڕواڵەت لە بەشی هەرەزۆری یاساکاندا هەڵگیراوە، هێشتا ژنان لە جەرگەی میکانیزمی ئابووری سەرمایەداری و دابونەریت و بیروباوەڕە پیاوسالاریەکانی نێو کۆمەڵگا، بە کردەوە لەزۆر ڕووەوە دەکەونە بەر جیاکاری و ستەم.

خودی ستەمکێشیی و پلەدوویی ژنان لە داهێنانی نیزامی سەرمایەداری نییە. بەڵام سەرمایەداری ئەم میراتە نەفرەتهێنەرەی مێژووی لەوەپێشی پەرەپێداوە و کردوویەتیە یەکێک لە کۆڵەکەکانی پەیوەندیە ئابووری و کۆمەڵایەتیەکانی ئەم سەردەمە. ڕەگ و ڕیشەی نایەکسانی و بێمافیەکانی ئەمڕۆی ژنان، ناگەڕێتەوە بۆ بیروباوەڕی کۆن و میراتی فیکری و کەلتووریی نیزام و کۆمەڵگا کۆن و لەناوچووەکان و پەیامبەران و دیانەتەکانی سەردەمی جاهیلیەت، بەڵکو دەگەڕێتەوە بۆ کۆمەڵگای سەرمایەداری پیشەسازی و مۆدێرنی ئەمڕۆ. ئەو نیزامەی کە وەکو فاکتەرێکی گرنگی ئابووری و سیاسی دەڕوانێتە دابەشبوونی ڕەگەزی ئینسانەکان لەمەیدانی بەرهەمهێناندا بۆ زامنکردنی قازانجی سەرمایە. مرونەت بەخشین بە هێزی کار لە کارپێکردن و دەرکردندا، پێکهێنانی دووبەرەکی و کێبەرکێ و کێشمەکێشی ناوخۆیی لەنێو بەرەی خەڵکی کرێکاردا، زامنکردنی بوونی بەشە بێبەشترەکان لەنێو خودی چینی کرێکاردا کە لەخوارەوە ڕاگرتنی ئاستی ژیانی هەموو ئەم چینە مەیسەر دەکات، و سەرەنجام لەکەدارکردنی هەستی ئینسانی و چینایەتی کۆمەڵانی کرێکار و زیندوو هێشتنەوەی بیروبۆچوون و ئەفکار و دەمارگیریە کۆن و سواو و ئیفلیجکەرەکان، ئەمانە خێروبەرەکەتەکانی ستەمکێشیی ژنانە بۆ سەرمایەداری مۆدێرنی ئەمڕۆ و لەهەمان کاتدا بەشێکن لە کۆڵەکەکانی کەڵەکەی سەرمایە لە دنیای ئەمڕۆدا. بەدەرلەوەی کە سەرمایەداری لەزاتی خۆیدا و بەشێوەیەکی گشتی لەگەڵ یەکسانی ژناندا دێتەوە یان نا، سەرمایەداری کۆتایی سەدەی بیستەم بەشێوەیەکی دیاریکراو خۆی لەسەر ئەم نایەکسانیە بیناکردووە و بە سووک و ئاسانی و بەبێ بەرەنگاری سەرسەختانە و زەبروزەنگاوی دەستبەرداری نابێت...

## لە بۆپێشەووە

* بابەتەکانی بۆپێشەوە، جگە لە"گۆشەو تەوەرەی تایبەت" بەگشتی تەعبیر لەخەتی سیاسی و فکری و دونیایینی کۆمۆنیزمی مارکس و کۆمۆنیزمی کرێکاریی دەکات.

* بۆ پێشەوە، هیچ بابەتێك بلاْوناکاتەوە، کە پێشتر لەشوێن و کەناڵی بینراو وبیستراو و نووسراودا... بلاْوبوبێتەوە.

* بابەتی بلاْوبووەو لە بۆپێشەوەدا، ئەوکاتە لەلایەن خاوەنەکەیەوە مافی بلاْوکردنەوەی هەیە، کە لە بۆپێشەوە بلاْوبوبێتەوە. راسپاردەی بۆپێشەوەیە، کە خاوەنی بابەتەکە ئاماژە بەناو و ئەو ژمارەی بۆپێشەوە بدات، کە بابەتەکەی تیادا بلاْوبۆتەوە.

* درەنگ ناردنی بابەتەکان، لەکاتی راگەیەندراوی خۆیدا، شانسی بلاْوبونەوە لەدەست دەدات.

* ئەولەویەت بۆ بابەتی کورتە.

# گۆشەی ئەدەب و هونەر

**گۆشەی ئەدەب و هونەر، گۆشەیەکی تایبەتی بۆپێشەوەیە کە لەهەر ژمارەیەکدا بابەتێکی ئەدەبی یان هونەری لەشێوەی هۆنراوە، تێکستی ئەدەبی، وەرگێران، بڵاودەکاتەوە، یاخود دیمانە لەگەڵ ئەدیب و هونەرمەندێك یان ناساندنیان ڕێك دەخات...**

ئامادەکرنی گۆشە: کاوان قادر،وریای رەسام، حەکیم میرزا



## تەمی مەرگ...

## لەپەنجەرەی سبەینێ دا

### شرۆڤەی: جەمال نوری

دەقی شیعری (سبینێ و مەرگ) یەکێکە لەو دەقە شیعریانەی تر کە بەرخورد لەگەڵ مەرگا دەکات، وەک زۆرێکی تر لەو شاعیرانەی کە مەرگیان تەوزیف کردوە لەناو دەقە شیعریەکانیاندا، بەڵام دەبێ ئاگامان لەو حاڵەتەش بێت هەر شاعیرەو خاوەن دیدگاو دنیابینیەکی تایبەت بەخۆی هەیە، بەتایبەت بۆ چەمکی مەرگ، هەر شاعیرەو دەگەڕێتەوە بۆ ئەو پاشخانە فکری و مەعریفییەی لەپشت دەقەکانییەوە خۆی حەشارداوە، چەمکی مەرگ بۆ نوسەرو شاعیران، لەوبوعدە فکریەوە سەرچاوە دەگرێ، کە شاعیرەکە تەمەنێکە خۆی تیا دۆزیەوەتەوەو کاری لەسەر دەکات، لای زۆرێک لەشاعیران مەرگ ئەو مەترسیە گەورەیەیە کەدواجار کۆتایی بەژیانی دەهێنێ و لەئاستیدا هیچی بۆ ناوترێ، لای هەندێکی تر مەرگ ئەو حاڵەتە کۆتاییە کە نوسەر لەڕێگای تەریقەت و عیرفانەوە لەچاوەڕوانی مەرگدا ڕادەوەستێ و دەخوازێ مەرگ لەدەرگای بدات و پێشوازی لێ بکات، وەک لای "حەلاج"

ساتی گەشتنی مەرگ، ئەو ساتەیە کە ڕۆح لەو زیندانە کۆت و بەندییە ڕزگاری دەبێ وسەربەست وئازادانە، لەشەقەی باڵ ئەدات، واتە لای متەسەوفەکان وەک ئیبن عەرەبی و بایەزیدی بستامی و مەولانا و حەلاج مەرگ ئەو حاڵەتیە کە ڕۆح دەرفەتی ئەوەی باشتر بۆ دەرەخسێ بگاتە فەنابوون و توانەوە لە نورو‌ئیشراقی مەئشوقدا. واتە تەوزیفکردنی مەرگ و دووبارە دارشتنەوەی ئەم چەمکانەو بەخشینەوەی مانای (مەجازی) بە (مردن و ژیان) دەبێت لەمەدلولەکانیانەوە بیخوێنینەوەو لێی تێبگەین.

لای "کاروان سدیق" (مەرگ) بوعدێکی بونیەوی هەیەو لەدنیابینیەکی وجودیەوە لە مەرگ دەڕوانێ، کەلای ئەو دۆخێکی کەینونەی بەخۆوە بینیوە، وەک هاوکێشەیەکی فیزیکی بەم شێوەیە ،بوون لە سروشتدا، خۆی لەژیانێکی بوون و نەبوون دا دەبینێتەوە، واتە مەرگ و ژیان، واتە مەرگ لەم دەقە شیعرەی کاروان سدیق دا پەیوەستە بە ڕامانێکی فکری و بونیادیەوە، کەلای ئەو دوای نەمانی و مردن بەشێوە ئۆرگانیەکە شیتەڵ دەبێتەوە بۆ ماتریال و مادە و گەردیلەکانی تری ناو بوون و سروشت، کە پێویستی بەو بەشە ئۆرگانی و فسیۆلۆجیانەی جەستەی ئەو دەبێ، وەک لێرەدا بەڕوونی ئاماژەی بەم حاڵەتە فەسلەجیە ئۆرگانیەی دوای مەرگ دەخاتە ڕوو و دەڵێ:

سبەێنێ دێ ..
دەست لەملی مردن دەکەم
وەک مردنی ئەو دارانەی..
لەدارستانی خامۆشا..

کاروان لەم کۆپلەشیعرەیدا، چوت ژێر کاریگەری شاعیرانی خاوەن فکری بوونگەرا وەک (حسین مردانی) شاعر، کە حسین مردان بۆ خۆشی کاریگەریی بودلێری شاعیری لەسەر بووە، "حسین مردان" ئاوها چەمکی مردنی تەوزیفکردوە:

انا اعرف نهایتی
غدا ساموت بسکون
كما تموت الاشجار القديمه
فئ اعماق الغابات،
ساموت و الى الابد

واتە لێکچونێک دەبینین لەنێوان ئەم دوو کۆپلە شیعرەدا، هەڵبەتە وەک ئاماژەم پێکرد لەبەرئەوەی سەرچاوەکەی هەردوو شاعیر یەک فکری بونگەرایی وجودیيە، لەبەر ئەم پاشخانە فکریە هەردوو شاعیر دنیابینیان دەچێتەوە سەر یەک ئاڕاستەی ژیان و لە شێوەی نوسین و زمانی شیعری هاوئاهەنگیەک ببینرێ.

مرۆڤ نابێت مەحکومی چارەنووس ببێت، نابێت لەپێناوی مردنا بژیت ئەمە هەم هەڵگری فەرمانێکە هەمیش پەیامێکە بۆ مرۆڤ، لێرەدا تێدەگەین شاعیر دەیەوێت بڵێ مرۆڤ دەبێت بمرێت و لەبیردەچێتەوە وەک لەکۆتایی شیعرەکەیدا دەڵێت:

وەک مردنی ناخودایەک
لەسەرپشتی کەشتی شرا
لەشەپۆلی کەفو چڕا..
کەشتی ئەشکێو ..
تەرمەکەشی ڕووەو کەنار..
ئەکەوێتە گۆڕستانی ون و نادیار.

سەرئەنجام دەبێت ئەوپرسیارە فەلسەفییە بکەین داخۆ مرۆڤ، خۆی چییە و بۆچی هاتووە تەبوون ئەگەر لەپێناوی مردنێکی بێ سەروشوێن ژیابێ..

**سبەێنێ دێ ..**
**دەست لەملی مردن دەکەم**
**وەک مردنی ئەو دارانەی..**
**لەدارستانی خامۆشا..**
**بەتەوری ڕق دەبڕێنەوە..**
**بۆ ناو کولبەی ساردو سڕی..**
**خانمێکی سەگ لەباوەش،**
**بەپشتی کوڕ دەبڕێنەوە**
**وەک مردنی گوڵێکی زەرد..**
**لەپی دەستی پڕلەبون و..**
**پەنجەیەکی بۆیەکراو،**
**بۆلا سەری دەمکاتەوە..**

**بەچڵێ پوش..**
**دەینێتە سەر پێڵوی چاوی..**
**لەبیر خۆیم دەباتەوە**

**سبەێنێ دێ**
**دەست لەملی مردن دەکەم**
**وەک مردنی**
**زەڕنەقوتەی پاساریە،**
**لەناولەپی مناڵێکا**

**وەک مردنی ناخودایەک**
**لەسەرپشتی کەشتی شڕا**
**لەشەپۆلی کەفو چڕا..**

**کەشتی ئەشکێو ..**
**تەرمەکەشی ڕووەو کەنار..**
**ئەکەوێتە گۆڕستانی ونو نادیار.**

کاروان سدیق 1987
سلێمانی

**ئەدەب و هونەری پێشکەوتنخواز ئەو ئەدەب و هونەرەیە، کە ئاوێنەی باڵا نوێنی ژیان و گوزەران و ویستەکانی جەماوەری بێبەش و سەنگەرێکی کاریگەرە بۆ نیشادانی ڕێگای ئازادی و بەدەستهێنانی مافەکانیان...**

# بنچینە کۆمەڵایەتی و فیکرییەکانی کۆمۆنیزمی کرێکاری ...

بەشی نۆزدەهەم

## ریفۆرم و شۆرش

### ستانداردەکانی دادگاییکردن

ستانداردەکانی دادگاییکردن

-لەهەموو دادگاییکردنێکدا ئەسڵ لەسەر بێتاوانی تۆمەتبارە تا ئەو کاتەی تاوانەکەی بەسەردا ساغ دەبێتەوە.

– دادگاییکردنەکان دەبێ دووربن لە پێشداوەری و وروژاندن و لە هەلومەرجێکی عادلانەدا بەرپابکرێن. شوێنی دادگاییکردنەکە و دادوەر و دەستەی دادوەری دەبێ بەجۆرێک دیاری بکرێن کە ئەم هەلومەرجە زامن بکەن.

– تۆمەتبارو پارێزەرەکەی مافی ئەوەیان هەیە کە بەر لە دادگاییکردنەکە لە هەموو بەڵگەو بەڵگەنامە و شایەتیەکی داواکاری گشتی یان لایەنی داواکار ئاگادار ببنەوە و لێی ووردببنەوە.

– داوای تێهەڵچوونەوە بە بریاری هەر دادگایەکدا، لانی کەم یەک جار، چ لە لایەن تۆمەتبار یان داواکاری گشتی یان هەردوولای دەعوانامەکەوە بێت، یاساییە.

-قەدەغەکردنی بردوادن بە پێشداوەریی گشتی لەبارەی دادگاییکردنەکان و کەسانی پەیوەندیدار پێیانەوە، بەر لە تەواوبوونی دادگاییکردنەکە.

-قەدەغەی دادگاییکردنی کەسەکان لە هەلومەرج و کەشوهەوایەکدا کە گوشاری رای گشتی بوار بەدادگاییکردنێکی بێلایەنانە نەدات، یان لەکەداری بکات.

-شایەتیدانی پۆلیس لە دادگاییکردنەکاندا بە ئەندازەی شایەتیدانی شایەتەکانی دیکە بایەخی هەیە.

-دادوەر و دادگا دەبێ بەتەواوی سەربەخۆ بن لە پرۆسەی لێکۆڵینەوە و لێپرسینەوە.

راست و رەوابوونی یاسایی پرۆسەی لێکۆڵینەوە دەبێ لەلایەن کۆمەڵە دادوەرێکی تایبەتەوە چاودێری و پشتگیری بکرێ.

-لە یاساکانی سزاداندا دەستدرێژیکردنە سەر جەستە و ئاسایشی دەروونیی ئینسانەکان، زەبروزەنگ لە دژی منداڵان، زەبروزەنگ لە دژی ژنان، تاوانە نامووسیەکان لە دژی ژنان، ئەو تاوانانەی کە لە دەمارگیری و نەفرەتکردن بەرامبەر بە دەستەیەک لە خەڵک سەرچاوەدەگرن و ئەو تاوانانەی کە تۆقاندن و زەبروزەنگیان تیادا بەکاردێت، دەبێ بە تاوانی زۆر قورستر بژمێردرێن لەچاو تاوانی دەستدرێژیکردنە سەر مافی خاوەندارێتی و دارایی، چ تایبەتی بێت چ دەوڵەتی. ئەو سزایانەی کە وەکو تۆڵە یان وەک پێی دەڵێن بۆ عیبرەت لێوەرگرتن دانراون دەبێ بگۆردرێن بەو سزایانەی کە بەئاراستەی چاکسازی تاوانبار و پاراستنی کۆمەڵگا لە دووبارەبوونەوەی تاوان دادەنرێن.

مافەکانی تۆمەتباران و تاوانباران

-هیچ کەسێک بەبێ راگەیاندنی تاوانەکەی ناکرێ زیاتر لە ٢٤ کاتژمێر تەوقیف بکرێت. ئەم شوێنی تەوقیفکردنە کاتیە نابێ زیندان بێت، بەڵکو دەبێ بەشێک بێت لە بارەگای هێزەکانی پۆلیس کە پێداویستیە نۆرماڵەکانی تێدابێت.

-بەرلە دەستگیرکردن دەبێ مافەکانی کەسی دەستگیرکراو بە خۆی رابگەیەنرێت.

-هەموو کەسێک مافی ئەوەی هەیە کە پارێزەر یان شایەت بۆ کاتی دەستگیرکردن و لێپرسینەوەکەی خۆی بانگ بکات. هەرکەسێک مافی هەیە لانی زۆر تا یەک کاتژمێر دوای دەستگیرکردنەکەی دووجار پەیوەندی تەلەفۆنی بکات لەگەڵ پارێزەر یان کەسوکاری خۆی، یان هەرکەسێک کەخۆی پێی باش بێت.

– کاربەدەستانی پۆلیس بەرلە راگەیاندنی تاوانەکە و بەبێ مۆڵەت وەرگرتن لە کەسەکە مافیان نییە پەنجەمۆری لێوەربگرن یان وێنەی بگرن وەیان تاقیکردنەوەی پزیشکی و تێستی دی ئێن ئەی DNAبۆ بکەن.

-لەگەڵ دەستگیرکردنەکەدا یەکسەر دەبێ کەسوکاری پلە یەکی کەسی تەوقیفکراو وەیان هەرکەسێک کە خودی ئەو دیاری دەکات لە تەوقیفکردنی ئاگادار بکرێتەوە.

-هەرجۆرە ئەشکەنجە و تۆقاندن و سووکایەتی و گوشاردانانێکی فیکری و دەروونی لەسەر کەسانی تەوقیفکراو و تۆمەتبارکراو و حوکمدراو بەهەموو جۆرێک قەدەغەیە. گرتنەبەری ئەم شێوازانە بە تاوانی جینایی دەژمێردرێن.

– وەرگرتنی دانپێدانان لەرێگەی هەرەشە یان تەماح پێدانەوە قەدەغەیە.

-بەرەنگاربوونەوەی دوور لە توندوتیژی لە بەرامبەر دەستگیرکردندا، هەوڵدانی دوور لە توندوتیژی بۆ هەڵاتن لە زیندان یان خۆبواردن لە دەستگیرکردن خۆی لە خۆیدا تاوان نییە.

-هێزەکانی پۆلیس بەبێ مۆڵەت وەرگرتن لە کەسەکە خۆی یان لە دەسەلاتی دادوەریی خاوەن سەلاحیەت، مافی لێپرسینەوە و پشکنینی هاولاتیان یان چوونەژوورەوە بۆ ناو شوێنە تایبەتیەکانی ئەوانیان نییە.

– دەبێ پزیشکی دادوەری و ئەو دامودەزگا پسپۆرو تاقیگە هونەری و زانستی و پزیشکیانەی کە توێژینەوەی بەڵگەنامە بابەتیەکانی تاوانیان لە ئەستۆیە، سەربەخۆبن لە پۆلیس و دامودەزگا یاسا سەپێنەکان. ئەم دامەزراوانە دەبێ سەر بە دادگاکان بن.

– مەرجەعی وەرگرتن و لێکۆڵینەوە لەو سکالایانەی کە لە دژی پۆلیس دەکرێ دەبێ دەزگایەکی جیاواز بێت لە پۆلیس و هێزە یاسا سەپێنەکان. ئەنجامی لێکۆڵینەوەکانی ئەم دەزگایە دەبێ بە ئاشکرا بەهەمووان رابگەیەنرێت.

-هەموو کەسێک دەبێ بە ئاسانی بتوانێ دەستی بەو دۆسیە و زانیاریانە رابگات و بیانخوێنێتەوە کە هێزەکانی پۆلیس لەسەری کۆیان کردۆتەوە.

– یاساکانی کار و کاروباری کۆمەڵایەتی و باشبژێوی و تەندروستی گشتیی هەلومەرجی ژیان و چالاکی ئابووریی زیندانیانیش بگرێتەوە.

-بەرێوەبردنی زیندانەکان دەبێ لەئەستۆی کۆمەڵە دامەزراوێکی جیا لە پۆلیس و هێزە یاسا سەپێنەکان بێت و لەژێر چاودێریی راستەوخۆی دەزگای دادوەریدا بێت.

-لێژنەکانی لێکۆڵینەوەی هەڵبژێردراوی خەڵک مافی ئەوەیان هەیە کە بەپێی لێکدانەوەی خۆیان و لەسەر بریاری خۆیان، تەنانەت بەبێ ئاگادارکردنەوەی پێشتریش، سەردانی زیندانەکان بکەن و بیانپشکنن.

هەڵوەشاندنەوەی سزای لەسێدارەدان

سزای لەسێدارەدان دەبێ دەستبەجێ هەڵوەشێتەوە. لەسێدەردان یان هەر سزایەکی دیکە کە دەستدرێژی بێت بۆ سەر جەستەی ئینسانەکان (بڕینی ئەندامەکانی لەش، سزادانی جەستەیی...تاد) لە هەموو حاڵەتێکدا قەدەغەیە. هەروەها سزای زیندانیکردنی هەتاهەتایش دەبێ هەڵوەشێتەوە.

پاراستنی حورمەت و کەسایەتیی خەڵک




-قەدەغەکردنی هەرجۆرە پلەبەندیکردنێکی رەسمیی یان نارەسمیی پێگە و کەسایەتی ئینسانەکان لەسەر بناغەی پلەوپایە، پۆست، ئینتیمای دینی، ئینتیمای نەتەوەیی، رەگەزنامە، جنس، ئاستی داهات، سەرو روخسار، تایبەتمەندیە جەستەییەکان، پلەی خوێندن و...تاد.

-قەدەغەکردنی بوختان و لەکەدارکردنی حورمەتی کەسەکان

-قەدەغەکردنی هەرجۆرە تاقیکردنەوەیەکی پزیشکی و دەرمانیی و ژینگەیی لەسەر ئینسانەکان بەبێ ئاگادارکردنەوە و وەرگرتنی رەزامەندیی رەسمیی خۆیان، قەدەغەکردنی هەرجۆرە دەستوەردانێک لە یەکپارچەیی جەستەیی کەسەکاندا (وەکو نەزۆک کردن، لابردن یان دانانی ئەندام، دەستکاریە جینەتیکیەکان، لەباربردن، خەتەنە و...تاد) بەبێ ئاگادارکردنەوە و رەزامەندیی کەسەکە.

-قەدەغەکردنی بەکارهێنانی نازناو و پلەوپایەی زانستی و دینی و نیشتمانی و سەربازی (وەکو فەریق، ئایەتوڵلا، دکتۆر، ئەندازیار و...تاد) لە دەرەوەی شوێنی کارەکەیان. لە کاروباری رەسمیی و دەوڵەتیدا دەبێ تەنها بە ناو ئاماژە بۆ کەسەکان بکرێت. قەدەغەکردنی بەکارهێنانی نازناو و سیفاتی سووکایەتی ئامێز لە وەسفکردنی بەشە جیاجیاکانی کۆمەڵگادا لەلایەن هەر دامودەزگاو بەرپرسێکی دەوڵەتی و نادەوڵەتیەوە.

-قەدەغەکردنی دروستکردنی بەشی لۆکس و بەشی ئاسایی، پلە یەکو پلە دوو...تاد لە خزمەتگوزاریەکانی گواستنەوەی گشتی، شەمەنەفەر، فرۆکە، میوانخانە دەوڵەتیەکان و مەڵبەندەکانی سەرگەرمی و بەسەربردنی رۆژانی پشوو. ئەم جۆرە خزمەتگوزاریانە دەبێ بەگونجاوترین شێوە و بەستانداردێکی یەکسان هەمووان لێی بەهرەمەند بن.

**ماویەتی**

**وەرگرتنی دانپێدانان لەرێگەی هەرەشە یان تەماح پێدانەوە قەدەغەیە...**



# ئازادی، بەرابەری، حوکومەتی کرێکاری

نووسینی: مەنسور حیکمەت

* هیچ نیشانەیەک لە دامرکاندنەوەی ئەو قەیرانە سیاسی و ئابوورییە قووڵەی کە بەربینی بە بۆرژوازیی ئێران گرتووە بەرچاو ناکەوێت.
* شۆڕشی ساڵی ٧٩ هەر چەندە بە ئاکام نەگەیشت، بەڵام دامودەزگای پاشایەتی هەڵپێچا.
* ئەمرۆ کۆماری ئیسلامیش هەر لەو چارەنووسە نزیک دەبێتەوە.

نە ئارییاییگەریی ئەمەریکایی شا و نە خورافاتی ئیسلامی و هاتوهاواری پانئیسلامیستی خومەینی و شەریکەکانی، نە کوشتوبڕی نەوەی مرۆڤ و نە هەموو ئەو تاوانانەی کە هەردوو ڕژێمەکە دژ بە مرۆڤایەتی و ئازادی کردوویانە، هیچ کامیان چارەسەری ئەو قەیرانەیان نەدەکرد و نەشیاندەتوانی چارەسەری بکەن. چونکە مەسەلە و قەیران لە خودی بوونی کۆمەڵایەتیی بۆرژوازی و لە دەسەڵاتداریێتی ئابووری و سیاسیی سەرمایەدایە. شۆڕشی ٧٩ تەنیا دژ بە پاشایەتی نەبوو، هەر وەکوو چۆن ڕاپەڕینی شۆڕشگێڕانەی مەزنی داهاتووش، بە تەنیا هەڵپێچانی کۆماری ئیسلامی لەبەر چاو نییە. شۆڕشی ٧٩ تاقانە و دەگمەن نەبوو، بەڵکوو نمایشی یەکەمی ئەو بناغەیە بوو کە لەمەودوا و تا تێکشکاندنی یەکجاریی حوکوومەتی سەرمایە و نیزامی سەرمایەداری لە ئێراندا، مێژووی ئێران دەنەخشێنێ. قەیرانی ئابووری و قەیرانی بەردەوامی سیاسی و حوکوومەتی، بزووتنەوەی ناڕەزایەتیی بەرین کە تەنیا چەند دەورەیەکی کەم تا زۆر کورت لە پاشەکشە و مەنگی دەکەوێتە نێوان، ڕاپەڕینە شۆڕشگێڕانەکان کە تا دێ ماوەی نێوانیان کەمتر دەبێتەوە، ئاوالابوون و هێشتا ئاواڵەبوونی دەسەڵاتی سیاسی لە ئاستی کۆمەڵگەدا و لە جەرگەی هەموو ئەمانەدا دەسەڵاتگرتنی ڕۆژ لەگەڵ ڕۆژ زیاتری پرۆلیتاریا و پێشڕەوە کۆمۆنیستەکانی، ئەمەیە ئاسۆی ئەو دوارۆژە ڕاستەقینەیە کە بۆرژوازی لە ئێراندا بە شێوەیەکی بابەتی بەرەو ڕووی دەبێتەوە، بەدەر لەوەی فلانە یان فیسارە تاقمی دەوڵەتیی ڕەسمیی بۆرژوازی بتوانێت چەند ڕۆژێک، چەن مانگێک یان ڕەنگە چەن ساڵێکیش دەسەڵاتی خۆیان بەسەر دامودەزگای دەوڵەتییەوە ڕابگرن.

لە هەلومەرجێکی ئاوادا و لەژێر باری ئەو مۆتەکەیەدا، ئێستا ئیتر هەموو توێژەکانی بۆرژوازی کەوتوونەتە هەوڵ و تەقەلا، تابلۆکانی ڕزگاریی نیشتمانیی سەرمایە یەک لەدوای یەک بەرزکراونەتەوە و بە ڕادەیەک زۆرن کە تەنانەت لە بیر نامێنن و ناژمێردرێنیش_ "کۆماری ئیسلامی بە خومەینی، بێ لاجوردی"، "کۆماری ئیسلامی بە ڕەجەوی دیموکراتیکەوە"، "کۆماری سۆسیال دیموکراتی ئیسلامی"، "ناسیۆنالیزمی ئیسلامی"، "ناسیۆنالیزمی غەیرە ئیسلامی"، "ناسیۆنالیزمی ئارییایی"، "ناسیۆنالیزمی ئەمەریکایی"، "پاشایەتیی خوان کارلۆسی"، "کۆماری پەرلەمانی"، یان "هەر داگیرکردنێکی سەربازی لە لایەن ئەمەریکاوە"، سەرەنجام دەبێ یەکێک لەوانە بەر لە داڕووخانی کۆماری ئیسلامی بنیات بنرێت و دابمەزرێ. ئەمە خولیای ئاڵۆزیی بۆرژوازییە، ئەمانە هەمووی سەردێڕێکن کە دەگەڕێنەوە سەر یەک بار و دۆخ، کۆتاییهێنان بە شۆڕش و هەر چەشنە بزووتنەوەیەکی شۆڕشگێڕانە، پاراستن و هێشتنەوەی وەحشیگەری بۆرژوازی لە ئێران.

بەرامبەر بە هەموو ئەو تەقەلا و پیلانانە کە مەبەستیان کپکردنەوەی دەنگی شۆڕش و بەربەستکردنی ڕەوتی شۆڕش و قەیرانی شۆڕشگێڕانەی یەک لەدوای یەکە، کرێکارانی شۆڕشگێڕی ئێران یەک درووشم بەرز دەکەنەوە، درووشمێک کە ڕێنیشاندەری حوزووری شێلگیری چینی کرێکاری ئێرانە لە ڕەوتی پڕ ئاڵوگۆڕ و پڕ لە هەڵسوکەوتی ئێستا و داهاتوویدا هەتا بەدیهاتنی دوایین ئامانجەکانی.

درووشمێک کە هەناو و هێزی بزوێنەری جووڵانەوەی ڕوو لە پێشی خەباتی چینایەتی و شۆڕشگێڕانە لە ئێران لە دەستەواژەیەکی کورتدا بەیان دەکا: "ئازادی، بەرابەری، حوکوومەتی کرێکاری". ئەمە درووشمی کرێکارانی شۆڕشگێڕە. ئەمە درووشمێکە کە هەموو جووڵانەوە شۆڕشگێڕانەکان لە ئێرانی ئەم سەردەمەدا، هەر لە شۆڕشی ٧٩وە تا سەرکەوتنی یەکجاری، پێکەوە گرێ دەدا.

"ئازادی" یانی، ڕزگاربوونی تەواو لە هێز و دەسەڵاتی ئابووری، سیاسی و فەرهەنگی سەرمایە و سەرمایەداری، یانی ڕزگاربوون لە هەرچی پەیوەندی و هەرچی دامودەزگای سەرکوتکەر و دیلهێنەری کۆمەڵگەی بۆرژوازییە، یانی ڕزگاری لە کۆیلایەتی کرێگرتە، ڕزگاری لە کۆت و بەندی چینایەتی، ڕزگاری لە سەرکوت و دەزگای سەرکوتکەری دەوڵەتی بۆرژوازی، ڕزگاری لە بێمافی سیاسی و کۆت و بەندی فەرهەنگی، ڕزگاری لە داوی ئایین و لە بیروڕا و قانوون و یاسا کۆن و دواکەوتووەکانی کۆمەڵگەی ئێستا، ڕزگاری لە چەوسانەوەی ئایینی، میللی و نەژادی، ڕزگاری لە هەژاری و کوێرەوەری لە نەزانی و خورافات و بە گشتی ڕزگاری لە هەموو هەڵاواردن و مەینەتییەکانی کۆمەڵگای سەرمایەداری.

"بەرابەری" تەنیا بە مانای بەرابەری حوقووقی و قانوونی یان بەرابەری هاووڵاتی کۆمەڵگایەک لە هەر میللەت و نەژاد و ڕەچەڵەکێک نییە، بەڵکوو بە مانای بەرابەریبوون لە ئیمکاناتی ماددیدایە، لە دەستڕاگەیشتن بەو ئامرازانەی کە دەبنە هۆی هەڵدانی توانا و لێهاتوویی فەردی و کۆمەڵایەتی. بە مانای بەرابەرییە لە بەرهەمهێنان و بەڕێوەچووندا، بەرابەرییە لە دیاریکردنی چارەنووسی ئابووری و سیاسی و بەڕێوەبردنی کۆمەڵگای خۆیاندا، بە مانای بەهرەمەندبوون لە بەهرە ماددی و مەعنەوییەکانی کار و تێکۆشانی کۆمەڵایەتیدا، لە خەبات بە مەبەستی زاڵبوون بەسەر هەر چەشنە دواکەوتوویی و کەموکووڕییەکدا. بە مانای بەرابەرییەکە، تەنیا ئەو کاتە بەدی دێ، کە خاوەنداریێتی تایبەتیی بۆرژوازی بەسەر ئامرازەکانی بەرهەمهێنان و سەروەت و سامانی کۆمەڵ بکرێتە خاوەنداریێتی گشتی و هاوبەشیی هەموو ئەو ئینسانانەی کە لە هەڵسووڕانی کۆمەڵایەتیدا بەشدارن.

"حوکوومەتی کرێکاری" یانی، حوکوومەتی چینایەتیی کرێکاران، یانی حوکوومەتی چەوساوەکان و بەرهەمهێنەرانی هەموو سەروەت و سامانی کۆمەڵ دژ بە چەوسێنەران، حوکوومەتی ئەو کەسانەی کە ئەمڕۆ کۆیلەی کرێگرتەن و سبەینێ هەموو کۆمەڵ ڕزگار دەکەن، حوکوومەتی ئەو کەسانەی کە بناغەی هەبوون و سەروەتی کۆمەڵگە لەسەر کار و تێکۆشانی بەردەوامی ئەوان دامەزراوە، حوکوومەتی کرێکاری یانی، چینی کرێکاری ڕێکخراو وەک هێز و چینی ڕزگاریبەخشی خاوەن دەسەڵات، حوکوومەتی کرێکاری یانی، حوکوومەتی سەرکەوتنی بەرەنگاربوونەوەی چەوسێنەران لە بەرامبەر ڕزگاریی مرۆڤایەتیی زۆرلێکراودا، حوکوومەتی کرێکاری یانی، دیکتاتۆرییەتی پرۆلیتاریا دژ بە پارێزەرانی هەژاری، کوێرەوەری، چەوسانەوە، نەزانی و دواکەوتوویی، حوکوومەتی کرێکاری یانی، دیموکراسی بۆ کرێکاران و زەحمەتکێشان و چەوساوەکان و سەرکوت بۆ چەوسێنەران، حوکوومەتی کرێکاری یانی، ئەو دەسەڵاتەی کە زامنی ڕاستەقینەی بەڕێوەچوونی ئازادی و بەرابەرییە.

وەڵامی بۆرژوازی بەم درووشمەی پرۆلیتاریا بە تەواوی ڕوونە، بۆرژوازی بەرامبەر بەم درووشمە لە سەراسەری جیهاندا تەنها یەک وەڵامی هەیە، ئەویش سەرکوت و زەبروزەنگ و کۆنەپەرستیی بێ پەردەیە دژ بە پرۆلیتاریا. کۆماری ئیسلامی خۆی تەنها بەشێک و نموونەیەکی زیندووی ئەم وەڵامەیە، بەڵام ئەو لیبراڵە چەپ و وردەبۆرژوا و ڕیفۆرمیستانەش کە خۆیان بە شۆڕشەوە یان تەنانەت بە سۆسیالیزمەوە هەڵواسیوە، هەر چەندە لە بار و دۆخی ئێستا ناڕازی بن و لەسەر وەزع و"ئەڵتێرناتیڤی" خوازراو لەنێو خۆیاندا ناکۆکییان هەبێ، کەم تا زۆر وەڵامێکی یەکسانمان پێ دەدەنەوە. تێکەڵاوێک لە هەڕەشە و گوڕەشە، تەحریفات و پرتەو بۆڵە بەسەر کرێکارانی کۆمۆنیستدا دەبارێنن: حوکوومەتی کریکاری؟! ئەمە خۆشخەیاڵییە! مەگەر سوپای ئەمەریکا نابینن؟ مەگەر نازانن کە بەشی هەرە زۆری خەڵک ئایینین، لە دێدا دەژین، غەیرە پرۆلیتێرن، پیشەسازییەکەمان بۆ ئەو کۆمەڵگە سۆسیالیستییەی ئێوە بە ڕادەی پێویست گەشەی نەکردووە، ئاخر کرێکار نەخوێندەوار و ناهۆشیارە، ئێوە چۆن دەتوانن کۆمەڵگەی پێشکەوتووی ئەمڕۆ بەڕێوە بەرن؟ بە کام هێزەوە دەتانەوێ حوکوومەتی کرێکاری دابمەزرێنن؟ کام حیزبی چینایەتی؟ کام هێزی ڕێکخراو بۆ بەدیهێنانی ئەم درووشمە لە ئارادایە؟ مەگەر درووشمەکانی ئەمڕۆی خەڵک نابینن؟ لە ئێراندا هیچ کەس ناچێتە ژێر باری حوکوومەتی کرێکاری، زووە و ئیمکانی نییە، خۆشخەیاڵییە.

بەشی زۆری ئەم بەیت و باڵۆرەیە، ئەو قسە هەڵیت و پەڵیتانەن کە بە دانسقە شێوێنراون و خراونەتە سەریەک و بەشێکی تریش دەرخەری هەلپەرستانە و ڕیاکارانەی ئەو ڕاستییانەیە، کە بە چەشنێکی بابەتی، کۆسپی سەر ڕێگای حوکوومەتی کریکاری و بەدیهاتنی بەرنامەی کۆمۆنیستییە. ئەم ڕاستییانە بۆ ئێمە کەند و کۆسپێکن کە دەبێ هەڵپێچرێن

و بۆ بۆرژوازی و وردەبۆرژوازی سەنگەرێکن کە دەبێ لە بەرامبەر پرۆلیتاریای شۆڕشگێڕدا بپارێزرێن. سەرەکیترین کۆسپ لەسەر ڕێگەی بەدیهاتنی دەستبەجێی درووشمەکەی ئێمە بریتییە لە: نەبوونی پلەی هۆشیاریی چینایەتی و پەرش و بڵاوی و لاوازیی سیاسیی ڕێکخراوەیی چینی کریکاری ئێران. بەڵێ! ئەگەر کرێکارانی ئێران یەکگرتوو بوونایە و بە بەرژەوەندیی چینایەتیی خۆیان لە حیزبی سیاسیی شۆڕشگێڕی خۆیان، لە حیزبی کۆمۆنیستی ئێراندا کۆبوونایەتەوە، دامەزراندنی حوکوومەتی کرێکاری کاری تاقە ڕۆژێک دەبوو. ئێمە بۆ نزیکترکردنەوەی ئەو ڕۆژە تێدەکۆشین و خەبات دەکەین. وە ئەم درووشمەش بۆ خۆی، ئامرازێکی گرنگی ئێمەیە لەم خەباتەدا. ئەم درووشمە ئەمڕۆ کاری هۆشیارکردنەوە و کۆکردنەوە و ڕێکخستن بەڕێوە دەبا و سبەینێش دەبێتە کردەوە و کۆتایی بە دەسەڵاتی ئابووری و سیاسیی سەرمایە دەهێنێ.

بەدیهاتنی ئەم درووشمە یانی بەدیهاتنی بەشی لانی زۆری بەرنامەی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران، پێویستی بە ڕادەیەکی زۆر لە هۆشیاری و ڕێکخراوبوون لەنێو چینی کرێکاری ئێراندا هەیە و هۆشیاری و ڕێکخراوبوونێک کە لە خەڵوەت و دوور لە کۆمەڵ بە دەست نایەت. بەڵکوو دەبێ هەر لە هەناوی ئەم خەبات و تێکۆشانەی ئێستا و ڕاپەڕینە یەک لەدوای یەکە شۆڕشگێڕانەکان و بەهۆی کاری شێلگیرانەی کۆمۆنیستەکانەوە بەدی بێت. چینی کرێکار دەبێ لە هەر خول و مەیدانێکی خەباتی چینایەتی و شۆڕشگێڕانەوە هۆشیارتر، ڕێکخراوتر و بە پەیوەندییەکی قووڵترەوە لە گەڵ حیزبەکەی خۆی یانی، حیزبی کۆمۆنیست هەنگاوی بەرەو پێش هەڵگرێ. درووشمی ئازادی، بەرابەری، حوکوومەتی کرێکاری، ڕێپیشاندەری جووڵانەوەی بەردەوامی ئێمە لە جەرگەی شەڕی یەک لەدوای یەک و لە مەیدانە جۆراوجۆرەکانی خەباتدایە.

ئەگەر هەر ئێستا هێزی کرێکارانی هۆشیار و ڕێکخراو بەشی ئەوەندە نییە کە دەستبەجێ دەسەڵاتی سیاسی بە دەستەوە بگرێ و حوکوومەتێ دامەزرێنێ کە بتوانێ ڕاوەستانەوەی هەموو دوژمنانی پرۆلیتاریا و سۆسیالیزم تێک بشکێنێ، ئەو ئینێرژی و داخوازییە شۆڕشگێڕانەیە لەنێو جەماوەری بەرینی کرێکار و زەحمەتکێش و توێژە زۆرلێکراوەکانی کۆمەڵدا هەیە کە بە پشتبەستن بەو ئینێرژییە، پرۆلیتاریای کۆمۆنیست ئەو خەباتەی لەژێر دەست و بالای بۆرژوازی و وردەبۆرژوازی دەربێنێ و بە ڕابەریکردنی ئەو خەباتە بیگەیەنێتە بەرزترین پلەی ئاکامی خۆی. بە شێوەیەکی بابەتی و لە ڕاستیدا ئەو ئیمکانە هەیە کە خەبات و نارەزایەتییەکانی ئێستا ببن بە بزووتنەوەیەکی هەرە گەورە بۆ بەدیهێنانی دیموکراسیی شۆڕشگێڕ. ئەو دەسەڵاتە دیموکراتیک و شۆڕشگێڕانەیە کە باری قەیرانی ئابووریی نیزامی ئێستا بە سەر بۆرژوازیدا دەڕووخێنێ و وەها دیموکراسییەکی پان و بەرین دادەمەزرێنێ کە هەنگاوهەڵگرتنی دوایی بەرەو شۆڕشی سۆسیالیستی و دامەزراندنی حوکوومەتی کرێکاری چەن لایەنە سادەتر دەکاتەوە. دیموکراسییەکی شۆڕشگێڕانەی ئەوتۆ، کە وێڕای وەڵامدانەوە بە سەرەکیترین پێداویستییەکانی جەماوەری بەرینی زۆرلێکراو و چەوساوە، لەبارترین هەلومەرجیش بۆ کۆکردنەوە و ڕێکخستنی چینایەتیی مەزنی کرێکاران و بۆ بەدەستهێنانی یەکجاریی دەسەڵاتی سیاسی پێک دێنێ. ئێمە لەژێر ڕووناکی درووشمی، "ئازادی، بەرابەری، حوکوومەتی کرێکاری"دا، بۆ پێکهێنانی وەها هەلومەرجێک و بۆ دامەزراندنی وەها دەسەڵاتێکی دیموکراتیکی شۆڕشگێڕیش لە کۆمەڵدا خەبات دەکەین. کرێکارانی کۆمۆنیست ئامادەن لە سەر بنەمای پلاتفۆرمێکی شۆڕشگێڕانە و دیموکراتیک یانی، بەشی لانی کەمی بەرنامەی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران، لە ڕیزی پێشەوە بە بەشداری هەموو توێژە زۆرلێکراو و چەوساوەکان و هەروەها هەموو ئەو هێزە کۆمەڵایەتییانەی کە خوازیاری ئەوەن ئاڵوگۆڕێکی قووڵی دیموکراتیک لە کۆمەڵگەی ئێستادا پێک بێت، کۆماری دیموکراتیکی شۆڕشگێڕانە پێک بهێنن. کرێکارانی کۆمۆنیست هەر لە ئێستاوە، لە بەشی لانی کەمی بەرنامەی حیزبی کۆمۆنیستی ئێراندا، بۆ کۆکردنەوەی هێز و ڕێکخستنی هەموو هێزەکانی دیموکراسیی شۆڕشگێڕ، بۆ تێکشکاندنی کۆماری ئیسلامی و دامەزراندنی کۆمارێکی دیموکراتیکی شۆڕشگێڕ لە جێگەی ئەو بانگەواز دەکات.

کۆماری دیموکراسیی شۆڕشگێڕ، تاکتیکی حیزبی کۆمۆنیستی ئێرانە لە هەلومەرجی ئێستادا. ئەم کۆمارە داخوازە دیموکراتییەکانی جەماوەری زۆرلێکراو و چەوساوەی کۆمەڵ، کریکاران، زەحمەتکێشانی دەستەنگ لە شار و دێ، ژنان، گەلانی زۆرلێکراو و بە گشتی هەموو ئەو ئینسانە بە شەرەفانەی کە داواکاری دیموکراسیی بەرینی سیاسین، بەدی دێنێ و وەڵامی داخوازی هەموو ئەو کەسانەی کە لە بێ مافی سیاسی، دەمکوتکردن، کۆنەپەرستیی ئایینی و بە گشتی لەو قانوون و یاسا کۆنەپەرستانەی کە بەسەر شوێنی کار و ژیانی دانیشتووانی کۆمەڵگەدا سەپاوە، وەڕس بوون، دەداتەوە و ئەو داخوازییانە جێبەجێ دەکا. بەڕێوەبردنی وڵات دەدرێتە دەست شوورا ڕاستەقینەکانی خەڵک، بیرۆکراسی تاقانە و بانتر لە خەڵک هەڵدەپێچین و دیموکراسیی ڕاستەوخۆ دادەمەزرێ، چەکداربوونی گشتیی خەڵک، دەبێ بە زامنی بەڕێوەچوونی پارێزگاری لە دەسکەوتەکانی شۆڕش. لەم کۆمارەدا، مافی دیاریکردنی چارەنووس بۆ هەموو میللەتانی ئێران زەمانەت دەکرێ. قانوونکاری دیموکراتیکی پرۆلیتاریای شۆڕشگێڕ دەستبەجێ بەڕێوە دەبرێ. دەزگای دادوەریی بۆرژوازی هەڵدەپێچرێ و لە جێگەی ئەواندا دادگاکانی خەڵک بە قازی و هەیئەتی دادوەریی هەڵبژێردراوەوە جێگیر دەبن، بیمەی بێکاری و هەموو چەشنە بیمەیەکی کۆمەڵایەتی لە ئاستێکی فراواندا دادەمەزرێ. بەرابەریی ژن و پیاو لە هەموو مافە قانوونی و پیشەیییەکاندا ڕادەگەیەنرێ. تەندروستی و پاک و خاوێنی، فێرکردن و شوێنی ژیانی گونجاو وەک مافی مسۆگەری هەموو دانیشتووانی وڵات ڕادەگەیەنرێ و هەموو ئیمکاناتی پێویست بۆ بەدیهێنانی ئەم مافانە لە کردەوەدا بە شووراکانی خەڵک دەدرێ. بە کورتی، کۆماری دیموکراتیکی شۆڕشگێڕ، بەشی لانی کەمی بەرنامەی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران بەڕێوە دەبا.

کۆماری دیموکراتیکی شۆڕشگێڕ، وەڵامی دەستبەجێی حیزبی کۆمۆنیست و پرۆلیتاریای شۆڕشگێڕە لە بەرامبەر کۆماری ئیسلامی و هەموو تەرح و نەخشەکانی ئەو ئاڵتێرناتیڤەی کە ئەمڕۆ ئۆپۆزیسیۆنی بۆرژوازی و وردەبۆرژوازی تەبلیغی بۆ دەکەن. هێزی ڕاستەقینەی کۆمەڵایەتی بۆ بەدیهاتنی ئەم ئامانجە دەستبەجێیانە بە ڕووخاندنی کۆماری ئیسلامی هەر ئێستا وجودی هەیە، هێزێکی یەکجار گەورەتر لە توانای لایەنگرانی ئەو ڕێگاچارە بۆرژوا_ ئیسلامی و بۆرژوا_ پاشایەتییە، کە ئۆپۆزیسیۆنی بۆرژوازی و وردەبۆرژوازی بە تەمان بەسەر خەڵکیدا بسەپێنن. کۆماری شۆڕشگێڕ و ئەو دیموکراسییە شۆڕشگێڕە بەرینەی کە ئەم کۆمارە زەمانەتی دەکات، لە هەمان کاتدا پەردە لە سەر دیموکراسی درۆیینە و لیبرالیزم و ڕیفۆرمیزمی بێ بایەخی ئەم ئۆپۆزیسیۆنە لادەدا. ئێمە درووشمی، "ئازادی، بەرابەری، حوکوومەتی کرێکاری"، شانبەشانی درووشمی ڕووخاندنی کۆماری ئیسلامی و دامەزراندنی کۆماری دیموکراتیکی شۆڕشگێڕ هەر لە ئێستاوە تەبلیغ دەکەین. ئێمە هەر لە ئێستاوە و بێ چەند و چوون دەستمان داوەتە کۆکردنەوە و ڕێکخستنی هێزەکانی شۆڕشی پرۆلیتێری. ئێمە ڕایدەگەیەنین کە کۆماری دیموکراتیکی شۆڕشگێڕ بە هەموو پێشڕەوییەکان و دەسکەوتە دیموکراتییەکانی خۆیەوە و سەرەڕای دەورەیەک کە لە خەبات بۆ ڕزگاری هەیەتی، کۆتاییی کارەکە نییە و خەباتی چینی کرێکار و حیزبی کۆمۆنیستی ئێران بۆ ڕزگاریی یەکجاری، هەتا دامەزراندنی حوکوومەتی کرێکاری و سۆسیالیزم، بێ وچان درێژە پێ دەدرێ. ئەو وردەبۆرژوا ڕیفۆرمیستانەی کە بانگەشەی "مارکسیزم" دەکەن، پرتەوبۆڵەی ئەوەیانە کە ئەم کۆمارە شۆڕشگێڕانەیە بە نیزامی شوورایی و چەکدارکردنی گشتی و بە بەرنامەی فراوانەوە کە هەیەتی، هەر هەمان حوکوومەتی کرێکارییە بە ناوێکی ترەوە. ئێمە باوەڕمان بەوە هەیە کە ئەم کۆمارە زۆر لە ویست و خەیاڵی "بۆرژوا_ دیموکراتیکی" ئەم جۆرە کەسانە واوەتر دەچێ. ئێمە دەزانین و دەیڵێین، هەر ئەم کۆمارە زۆر لە سۆسیالیزمی "ڕووسی، چینی، بولگاری و ئەلبانی"ی ئەوان کە شتێک نین جگە لە سەرمایەداریی دەوڵەتی لەژێر ناوی سۆسیالیزمدا "بە سۆسیالیزم نزیکترە". چونکە ئامرازێکی شۆڕشگێڕانەی پرۆلیتاریایە بۆ بەرەو پێشچوون. بەڵام لە هەمان کاتیشدا ڕێگە بە هیج کەسێک نادەین، وە بە تایبەت بە هیچ کام لەو کەسانەی سۆسیالیزم دەشێوێنن، کە ئاسۆی کرێکاری لە سۆسیالیزمی ڕاستەقینە و حوکوومەتی کرێکاری بەو جۆرە بەرتەسک بکەنەوە. ئەو حوکوومەتە کرێکارییەی کە کۆماری شۆڕشگێڕ تەنها ڕێگەی بۆ خۆش دەکا و هەلومەرجی لەبار بۆ کۆکردنەوەی هێزەکانی پێک دێنێ، حوکوومەتێکە کە کێشەی سەرەکیی چینی کریکار بۆ هەڵوەشاندنەوەی خاوەندارێتیی تایبەتی بەسەر ئامرازەکانی بەرهەمهێناندا وە دامەزراندنی بەرهەمهێنان و پەیوەندیی کۆمەڵایەتیی سۆسیالیستی لە جێگای نیزامی چەوسێنەری سەرمایەداری بە هەموو لایەنەکانییەوە بەرامبەر بە هەموو دوژمنەکانی بەرەو پێش دەبا. حوکوومەتی کرێکاری، حوکوومەتی کرێکارانە بۆ دامەزراندنی سۆسیالیزم. حوکوومەتی کریکاری، حوکوومەتێکە بۆ زەمانەتکردنی ڕزگاریی یەکجاری، کۆماری دیموکراتیکی شۆڕشگێڕ، تەنیا هەنگاوێکە، هەر چەندە هەنگاوێکی یەکجار گەورەیە بەرەو ئەو ئامانجە.

**٢٠ نۆڤەمبەر ١٩٨٤**

**سەرچاوە: آزادی، برابری، حکومت کارگری**
**"کمونیست"، شمارە ١٤ – ٣٠ آبان ١٣٦٣**

"حوکوومەتی کرێکاری" یانی، حوکوومەتی چینایەتیی کرێکاران، یانی حوکوومەتی چەوساوەکان و بەرهەمهێنەرانی هەموو سەروەت و سامانی کۆمەڵ دژ بە چەوسێنەران، حوکوومەتی ئەو کەسانەی کە ئەمڕۆ کۆیلەی کرێگرتەن و سبەینێ هەموو کۆمەڵ ڕزگار دەکەن....



# نوری بەشیر : گوشارەکانی بەغدا بۆسەر هەرێم لەهەلومەرجی نوێی ناوچەکەدا دەڕواتە پێشەوە!

## دیمانەی بۆپێشەوە لەگەڵ هاوڕێ نوری بەشیر کادری حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری کوردستان، سەبارەت" هۆکاری گوشارەکانی بەغدا لەسەر هەرێم و پرسی پەسەندکردنی بودجە

**بۆپێشەوە: تادێت گوشارەکانی بەغدا لە ڕێگای بڕیاری یەک بەدوای یەکدا بۆسەر دەسەڵاتی هەرێم زیاد دەکات، هۆکاری زۆر بوونی گوشارەکان چییە؟**

**نوری بەشیر:** ئەم گوشارانەی بەغدا لەهەلومەرجێکی جیهانی و ناوچەیدا ڕوودەدەن کە کاریگەری وا دەخوازێت لەبەرژوەندی ناوەند بێت، بەتایبەتی کاریگەریەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و

پارتی و یەکێتی ڕۆژ بەرۆژ لە گەندەڵی و داتەپین ڕۆدەچن، زیاتر ڕووبەڕووی نارەزایەتی جەماوەری دەبنەوە، هەریەکە لەو حزبانە زیاتر دەچنە باوەشی ڕژێمی تورکیاو ئێران، فشارەکانی ئەمریکا لەسەریان زیاتر دەبێت لاوازو لاوازتر دەبن، وە لەو هاوکێشەیەدا جێگاو ڕێگای عێراق دەچێتە سەرەوە و فشارەکانی زیاتر دەکات.

دەسەڵاتی ناوەند بەجیا لەهەموو لاوازیەک

**بۆسەر هەرێم، سزادانی دەسەڵاتی هەرێمە وەکو هەندێک دەڵێن، یان بەشێکە لە سیاسەتی حکومەتی مەرکەزی، بۆ قوتبی کردنەوەی دەسەڵات لەناوەند؟**

**نوری بەشیر:** بە تاکید لەسەرەوە ئیشارەم پێدا کە ئێتر لەچوارچێوەی هەلومەرجێکی ناوچەیدا کە هاتۆتە پێشەوە کە جێگاوڕێگای حکومەتی عێراق و ڕۆشتن بەرەو ئیستقرابوونیان بۆ گرنگە و ئەوە دەخوازێت،

**عێراقەوە.... لەکاتێکدا هەموو خولەکانی پێشووی پەرلەمان تەمەنی خۆی درێژ کردۆتەوە، بێئەوەی دادگای فیدراڵی، کاردانەوەیەکی هەبووبێت؟**

**نوری بەشیر:** ڕاستی هەموو ئەوانە گاڵتەجاڕیەکی ڕۆشنە، دادگای فیدراڵی عێراق کارتۆنیەو دەسەڵاتی ئەحزابی میلیشیای ئیسلامی و ناسیونالیستی شیعە بەڕێوەی دەبەن. بە بەرچاوی هەموو حکومەتانی ناوچەکە و جیهان و سەرانی حکومەتەکانی ناوەند لە سی و دوو ساڵی ڕابردووی پێنج خولی پەرلەمانی کوردستان دا، بەجیا لە کارتۆنی بوونی پەرلەمان و سەرۆک و ئەندام پەرلەمانەکانی هەمووی پێشێلکاری بووە لە درێژکردنەوەی خولەکانی پەرلەمان و ڕاگرتنی کاری پەرلەمان و ناردنەوەی سەرۆکی پەرلەمانەکەی لە پشکی بزوتنەوەی گۆڕان بۆ ماڵەوە وە مانگرتنی وەزیرەکان و جێگری سەرۆک وەزیران بۆ ماوەی چەندین مانگ، ئاشکرا بوونی گەندەڵی و پێشێلکاری وەزیر و ئەندام پەرلەمانەکان و هیچ دادگایەکیش ڕۆژێک بانگی نەکردن، هەموو ئەمانە ڕەنگدانەوەی کارتۆنی بوونی پەرلەمان و وەزارەت و دادگاکانی حکومەتی ناوەندو هەم حکومەتی هەرێمە.

ئەم بڕیارەی دادگای فیدراڵی عێراق پێش یاسایی بوون و ئابوری بوونی، مەسەلەیەکی سیاسیە، بۆ بۆرژوازی لەدەورانی قەیرانی دەسەڵاتی سیاسیدا

> **دەسەڵاتی ناوەند بەجیا لەهەموو لاوازیەك و دزینی سەروەت و سامانی کۆمەڵگە و دابەشکردنی لەنێوان هێزە ملیشیاکان بەڵام وەك حکومەتێك کە لە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بەڕەسمی دەناسرێت و لە ژێر فشاردان بۆ بەهێزکردنی بە تایبەت لە ئێستادا لە چوارچێوەی هەوڵێکی ئەمریکی سعودی کە وڵاتانی عەرەبی دەگرێتەوە، کە بەژەوەندیەکانی حکومەتانی ناوچەکەو جیهان ڕوو لەبەهێزکردنی حکومەتی ناوەندی و یەکپارچەیی خاکی عێراقیان بۆ گرنگە ...**

هەوڵی وڵاتانی عەرەبی بۆ ڕێکخستنی هەلومەرجێکی ئیستقرار و لەبار لەباری سیاسی و ئابوریەوە کە لەهاوپەیمانیەتی ئەمریکاو سعودیەدا بەڕێوە دەچێت، کۆبوونەوەی کۆمکاری عەرەبی لە جدە لە ناوەڕاستی ئایاری ڕابردوودا بەسەرپەرشتی سعودییە بەڕێوەچوو، لە دوای ١٢ ساڵ دەستگرتنی بەشار ئەسەد و بۆ یەکلاکردنەوەی کێشەی سوریا لەبەرژوەندی دەسەڵاتی ئەسەد و یەکپارچەیی سوریا، باسکردنی کێشەی فەلەستین و سودان و بەشداری نوێنەری عێراق لە ڕێگای سەرۆک وەزیران، محەمەد شیاع سودانیەوە. واتە ئەو گوشارانە دەتوانین لە دوو هۆکاری ناوخۆیی و دەرەکی دەستنیشان بکەین. تا بە هۆکاری ناوخۆیی کوردستان و عێراق دەگەڕێتەوە، بەجیا لەوەی هەردوو حکومەتی هەرێم و عێراق لەلایەن هێزی میلیشیا بەڕێوە دەبرێن، پەرلەمان و دەسەڵاتی دادگا شکڵیە بە دادگای فیدراڵی عێراقەوە، بەڵام ئەم گوشارانە پێشینەیان هەیە، بە پێی ڕێکەوتنێک لەساڵی ٢٠٠٣ و دوای ڕوخانی ڕژێمی بەعس لەژێر چاودێری ئەمریکادا دەسەڵاتەکانی حکومەتی هەرێم و یەکێتی و پارتی ئیمزایان لەسەر فیدراڵیزمێکی قەومی و ئیسلامی عێراقی کردوە، جێگاوڕێگاکان ڕۆژانە گۆڕانی بەسەردا دێت کە حکومەتی هەرێم و بەتایبەتی دوو حزبی سەرەکی

و دزینی سەروەت و سامانی کۆمەڵگە و دابەشکردنی لەنێوان هێزە ملیشیاکان بەڵام وەک حکومەتێک کە لە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بەڕەسمی دەناسرێت و لە ژێر فشاردان بۆ بەهێزکردنی بە تایبەت لە ئێستادا لە چوارچێوەی هەوڵێکی ئەمریکی سعودی کە وڵاتانی عەرەبی دەگرێتەوە، کە بەژەوەندیەکانی حکومەتانی ناوچەکەو

بۆ ئێرانیش ئەمە گرنگە و لە چوارچێوەی ڕێکەوتنەکانی وڵاتانی عەرەبی و بەتایبەت سعودیە لەگەڵ ئێراندا ئەوە دەخوازێ کە حکومەتی ناوەندی لە عێراق بەهێز بێت و ئەمریکاش لەگەڵ ئەو سیاسەتە کێشەی نییە. لەو هەلومەرجانەدا حکومەتی ناوەندیش بەناچار دوو دەیەی دەسەڵاتی دوای ڕوخانی ڕژێمی سەدام تێپەڕاندوەو دەبێت

> **دەبێت ئەوومان لاڕوون بێت هەموو ڕێکەوتنەکان و کێشەکانی نێوان هێزە میلیشیاکان چ لە ئاستی کوردستان و چ لە ئاستی عێراقدا لەبەرژوەندی خەڵکەوە ئەنجام نادرێت، ئێمە زیاتر لە سێ دەیەی کوردستان و دوو دەیەی عێراق و دەسەڵاتداریتی حزبە کوردی و عەرەبیە میلیشیا و ئیسلامیەکانمان بینیوە کە لە ئاشتی و لە شەڕیاندا بەدژی بەرژەوەندی خەڵکی کوردستان بوون...**

جیهان ڕوو لەبەهێزکردنی حکومەتی ناوەندی و یەکپارچەیی خاکی عێراقیان بۆ گرنگە، ئەگەرچی لە ڕێگای ئەمریکاو وڵاتانی عەرەبییەوە بێت یان ئێرانەوە بێت بە شوێن هەمان ستراتیژەوەن.

هەموو ئەمانە بەرئەنجامی هاوسەنگی هێز لەبەرژەوەندی حکومەتی ناوەندی و دەسەڵاتی میلیشیای شیعە شکاوەتەوە.

**بۆپێشەوە: ئایا گوشار و بڕیارەکانی بەغدا**

کارێک بکات بۆ یەک قوتبی کردنەوەی دەسەڵات لە درێژماوەدا، کە هەنگاوەکانی یەکەمی لێسەندنەوەی دەسەڵاتەکانی حکومەتی هەرێمە کەبەرئەنجامی هەلومەرجی ڕوخانی سەدام و داگیرکاری ئەمریکایە کە هەیانبووە.

**بۆپێشەوە: چۆن دەڕواننە بڕیاری نایاسایی بوون و نادەستوری بوونی درێژکردنەوەی تەمەنی پەرلەمان لەلایەن دادگای فیدراڵی**

مەسەلە سیاسیەکانی ئەولەویەتە. هەموو ئەو هاتوهاوارانە چەواشەکارین لەبەرامبەر کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی خۆڵکردنە چاوی خەڵکی کرێکارو کەمدەرامەتی عێراق و کوردستانە.

ئەم هەنگاوە یاساییانەی ئێستا کە حکومەتی ناوەند ناویەتی بۆ لێسەندنەوەی دەسەڵاتەکانی حکومەتی هەرێم و

بەکارهێنانی یاسایی لە ڕێگای دادگای فیدراڵیەوە، پێشتریش هەنگاوگەلێکی تری لە شێوەکانی هێرشی ١٦ی ئۆکتۆبەری ناوە لە هاتنەوەی بۆ کەرکوک و ناوچە کێشە لەسەرەکان و ڕێکەوتنی لەگەڵ یەکێتیدا، هەنگاوی دادگای پاریس و وەستانی هەناردەکردنی نەوتی هەرێم و ڕادەستکردنەوەی بە بەغدا، توندکردنەوەی سنورەکان و هەروەها ڕێکەوتنی بەجیا لەگەڵ هەریەکە لەو دوو حزبە سەرەکیەی کوردستان و حزبەکانی دەوروبەریان لە گۆڕان و نەوەی نوێ و ئیسلامیەکان، بەمەش پێگەی هەموویان لاوازو لاوازتر کردوە.

**بۆپێشەوە: گوشار و بڕیارەکانی بەغدا لەسەر هەرێم بە کردەوە چی کاریگەریەکی لەسەر دەسەڵاتی هەرێم دەبێت؟ ئایا ئەم گوشار و بڕیارانەی بەغدا هیچ سودێک بەخەڵکی کوردستان دەگەیەنێت؟**

**نوری بەشیر:** بە تاکید پێگەی هەرێم و پارتی و یەکێتی لاواز دەکات، بۆیە ئێمە دەبێت ئەوەمان لاڕوون بێت هەموو ڕێکەوتنەکان و کێشەکانی نێوان هێزە میلیشیاکان چ لە ئاستی کوردستان و چ لە ئاستی عێراقدا لەبەرژەوەندی خەڵکەوە ئەنجام نادرێت، ئێمە زیاتر لە سێ دەیەی کوردستان و دوو دەیەی عێراق و دەسەڵاتدارێتی حزبە کوردی و عەرەبیە میلیشیا و ئیسلامیەکانمان بینیوە کە لە ئاشتی و لە شەڕیاندا بەدژی بەرژەوەندی خەڵکی کوردستان بوون.

تا بەم بڕیارانە و کاریگەریەکانی لەسەر خەڵکی کوردستان دەگەڕێتەوە دەبێت ئەم هەنگاوە چاوکراوانەو دوورمەودا سەیر بکەین، ئەم مەوزوعە لە ئێستادا بۆ حکومەتی مەرکەزی سیاسیەو بۆ جێگیرکردنی دەسەڵاتی ناوەندە، هەر بۆیە دانی ئیمتیازی ئابوری بۆ کوردستان بۆی گرنگ نیە، هەمان ئیمتیاز کە بۆ موچەخۆرانی عێراق هەبووە و دەسەڵاتدارانی هەرێم و بەتایبەت یەکێتی و پارتی نەیانداوە ئەوان بیدەن، هەم لەلایەک خەڵکی کوردستان فریودەدەن و ڕایان دەکێشن بەرەو ناوەندو هەم لە نفوزو ئیعتباری ناسیونالیزمی کورد و دەسەڵاتەکەی لەبەرژەوەندی خۆیان کەمدەکەنەوە.

گرنگ بۆ ناوەند لایەنی سیاسیەو پێگەی حکومەتی هەرێم لاواز بکات، لەناو ئەو هەلومەرجەدا ڕەنگە موچە کەمێک باشتر بێت، بەڵام لە ئاخردا گێڕانەوەی خەڵکی کوردستانە بۆ ژێر دەسەڵاتێکی ناوەند لەسەر بنچینەی فیدراڵیزمێکی قەومی و دینی و دەسەڵاتی هێزی میلیشیایی عێراقیدا بێگومان هەمان چارەنوسێک چاوەڕێ دەبێت بکرێت کە ئێستا خەڵکی عێراق هەیەتی.

**بۆپێشەوە: ئاشکرایە بۆرژوازی کورد بەگشتی و حزبەکانی توشی لێکترازان بوون و ئاسۆیەکیان بۆ داهاتوو نییە، گوشارەکانی بەغدا لەسەر هەرێم چ کاریگەرییەکی لەسەر ئەزمەو لێکترازانی ناوخۆی بۆرژوازی کورد هەیە، بەتایبەت نێوان پارتی و یەکێتی؟**

**نوری بەشیر:** بێگومان کێشەکان و گفتوگۆکانی نێوان حزبەکانی بۆرژوازی کورد کە لە سێ دەیەی دسەڵاتیادا هەبووە پێدەنێتە قۆناغێکی ترەوە، لەبەرئەوەی فشارەکانی سەریان جۆراوجۆرن لەلایەک ئەمریکا، لەلایەکی ترەوە حکومەتی ناوەندی و هەروەها نارەزایەتیەکانی خەڵکی کوردستان، هەربۆیە بەناچاری تا ئەو جێگایەی بۆ مانەوەی دەسەڵاتیان پەنا بۆ هەموو شتێک دەبەن، بە تایبەت کە ئایندەیەکی ترسناک چاوەڕوانیانە، ئەگەرچی هێشتا هەلومەرجی سیاسی عێراق و ناوچەکە شانسی داونەتێ کە ماوەیەکی تر دەسەڵاتیان هەبێت، بەڵام خۆری ئەو دەسەڵاتەی سی و دووساڵی رابردوویان بەرەو ئاوا بوون دەچێت. بەتایبەت کاریگەری ئەم هەلومەرجە پێشبڕکێی هەریەکە لە پارتی و یەکێتی زیاتر بۆ نزیک بونەوە لە حزبە میلیشیا شیعەکان زیاتر دەکات، وە بەناچاری لە هەندێک کاتدا نزیک بوونەوە لەبەرژوەندی دەسەڵاتیان ڕوودەدات.

**بۆپێشەوە: پارتی و یەکێتی لە ژێر گوشاری نەتەوەیەکگرتوەکان و دوا بڕیاری بەغدادا لەسەر نایاسایی بوونی درێژکردنەوەی تەمەنی پەرلەمان، ناچارن دەست بۆ هەڵبژاردن ببەن، ئایا تا چەندە پارتی و یەکێتی لە ئێستادا دەتوانن هەڵبژاردن بکەن؟**

**نوری بەشیر:** بۆ پارتی و یەکێتی هەڵبژاردن وەک نمایشێکی سیاسی و نیشاندانی ڕووی ئەوان بە کۆمەڵگای نێودەوڵەتی کە هەڵبژاردنیان ئەنجامداوەو بەدەنگی خەڵک هاتوون شتێکی زیاتر نییە. هەڵبژاردن بکەن و نەیکەن ئەوان هەر شانسیان هێشتا هەیە لەدەسەڵاتدا بن، بەڵام جێگاو ڕێگای یەکێکیان سەردەکەوێ و لایەنێکیان دێتە خوارەوە ئەوە بۆیان گرنگ نییە، بەشداری زۆر وکەمی بۆیان گرنگ نییە هەروەک لەسەر ئاستی عێراقیش ئەوە گرنگ نییە، لەبەر بوونی دەسەڵاتی میلیشیایی لەهەردوو لادا.

واتە هەڵبژاردن بۆ شەرعیەتدانەوەی دەسەڵاتیان پێویستیەکە بەتایبەت دوای ئەو گوشارانەی نەتەوەیەککگرتوەکان و بەغدا لەسەریان دەبێت هەڵبژاردن ئەنجام بدەن و باری مالیەکەشی ئیمکانەتی خەیاڵیش لەبەردەستیاندایە.

**بۆپێشەوە: ئایا هەڵبژاردن دەتوانێت هیچ لە دۆخی ژیان و گوزەرانی هاوڵاتیان بگۆرێت؟ بەتاییەت کە خەڵکی کوردستان ئەزموونی پینج خولی هەڵبژاردنی هەیە و تا دێتیش بەشداری نەکردنی خەڵک و بایکۆتی هەڵبژرادن زیاد دەبێت؟**

**نوری بەشیر:** بە دڵنیاییەوە لەژێر دەسەڵاتی حزبەکانی کوردایەتیدا ناتوانرێت هیچ چاوەڕوانیەکی باشتر لەوەی کە ئێستا هەیە لە ژیان و گوزەرانی هاوڵاتیان بکرێت، لەبەرئەوەی پارتی و یەکێتی وەک دوو حزبی گەورەی ناسیونالیزمی کورد مۆری خۆیان داوە لە مێژووی کۆمەڵگەی کوردستان وەک کۆمەڵگەیەکی چینایەتی کەنوێنەرایەتی بۆرژوازی و سەرمایەداران و کۆنەپەرستی کۆمەڵگە دەکەن و بەدژی بەرژەوەندیەکانی چینی کرێکارو کەمدەرامەتن. پێنج خولی هەڵبژاردن بۆ هەرکەسێک کەمێک بیربکاتەوە لەبەرژوەندیەکانی خەڵکی کوردستان، دەزانێت کە دەسەڵاتدارێتی ناسیونالیزمی کورد هەڵبژاردن و پەرلەمان و جێگۆڕکیان چارەی دەردی خەڵک ناکات. ئەگەرچی هەنگاوی یەکەمی فشاری خەڵک لە ئێستا بایکۆتی زیاتری هەڵبژادنە، بەڵام بۆ باشترکردنی ژیانی یەکجاری وشیاری و ڕێکخراوبوونی خەڵکی پێویستە لەدەرەوەی قەڵەمڕەوی سیاسی و حزبی ئەو هێزانە و دامەزراندنی دەسەڵاتدارێتی خەڵکە لە شوراکانی خۆیاندا.

**بۆپێشەوە: چۆن دەڕواننە بانگەشەی هیزە ئۆپۆیسیۆنەکان بەتایبەتی نەوەی نوێ، کە لە ئیستاوە بەڵینی زۆر و هاوکات داوا لەخەڵک دەکەن بەشداری هەڵبژاردن بکەن؟**

**نوری بەشیر:** ئەوە ڕۆشنە کە نەوەی نوێ کۆپیەکی شکستخواردووی بزوتنەوەی گۆڕانە. ئەمجۆرە هێزانە هەر لەچوارچێوەی دەسەڵادارێتی حکومەتی هەرێم و دەسەڵاتی میلیشیایی یەکێتی و پارتیدا جێگایان دەبێتەوە بۆ چەواشەکاری خەڵک و لەپێناو مانەوەی دەسەڵاتی پارتی و یەکێتیدا. ئەم هێزە گاڵتەجارەو بانگەشەی بۆ هەڵبژاردن و داواکاری خەڵک بۆ بەشداری هەڵبژاردن بۆ ئەوەیە سود لەوە ببینن کە خەڵک بەدژی پارتی و یەکێتین و لەو بۆشاییە سیاسیەدا خەڵک دەنگێکی زیاتر بدەن بەنەوەی نوێ. ئەبێت ئەو ڕاستیە بڵێین کە ئەو شانسەیان هەیە کە دەنگیان بچێتە سەرەوە، بەڵام خۆشیان باش دەزانن کە هێشتا هەلومەرجی عێراق و ناوچەکەو جیهانیش ئەوە نییە کە بە یەکجاری دەسەڵاتی میلیشیایی پارتی و یەکێتی بخرێتە لاوە. هەموو هەوڵی نەوەی نوێ بۆ ئەوەیە کە خزمەت بەکێتی و پارتی بکات و ڕێژەیەکی زیاتر لەژێر ناوی دەنگدان بە نەوەی نوێ بچێت و دەنگ بدات، وە لە ئەگەری چونە سەرەوەی دەنگی نەوەی نوێ، ئەوکات پارتی و یەکێتی و بەتایبەت پارتی حسابێکی زیاتریان لەسەر بکات ببنە شەریکە بەشی دزی و گەندەڵیەکان لەدەسەڵاتدا و بزوتنەوەی گۆڕانیش هەر ئەوەی کرد.

نەوەی نوێ ئەوە باش دەزانێت نەخۆی حزبێکی سیاسی خاوەن بەرنامەیەکی ئاڵوگۆڕە لەکۆمەڵگە تا دەسەڵاتدارێتی بکات، وە ئەوەشیان لاڕوونە کە پارتی و یەکێتی بە

**لەو هەلومەرجەدا حکومەتی ناوەندی دەبێت کارێك بکات بۆ یەك قوتبی کردنەوەی دەسەڵات لە درێژماوەدا، کە هەنگاوەکانی یەکەمی لێسەندنەوەی دەسەڵاتەکانی حکومەتی هەرێمە کە بەرئەنجامی هەلومەرجی روخانی سەدام و داگیرکاری ئەمریکایە...**

**گرنگ بۆ ناوەند لایەنی سیاسیەو پێگەی حکومەتی هەرێم لاواز بکات، لەناو ئەو هەلومەرجەدا رەنگە موچە کەمێك باشتر بێت، بەڵام لە ئاخردا گێڕانەوەی خەڵکی کوردستانە بۆ ژێر دەسەڵاتێکی ناوەند لەسەر بنچینەی فیدراڵیزمێکی قەومی و دینی و دەسەڵاتی هێزی میلیشیایی عێراقیدا، بێگومان هەمان چارەنوسێك چاوەڕێ دەبێت بکرێت کە ئێستا خەڵکی عێراق هەیەتی ...**

## درێژەی...دیمانە لەگەڵ هاوڕێ نوری بەشیر

کەمترین دەنگیشەوە وەک دوو هێزی میلیشیا لە ئێستا دەسەڵات تەسلیمی کەس ناکەن.

**بۆپێشەوە: دوای بێنەو بەردەیەکی زۆری نێوان باڵەکانی بۆرژوازی عێراقی سەرئەنجام بودجەی عێراق پەسەند کرا، پرسیار ئەوەیە پەسەند کردنی بودجە دەتوانێت چ کاریگەرییەکی لەسەر باشکردنی ژیان و گوزەرانی چینی کرێکار و جەماوەری بێبەشی عێراق هەبێت؟**

**نوری بەشیر:** تەنیا بە تێڕوانینێکی خێرای هەلومەرجی ژیان و گوزەرانی خەڵکی عێراقی لە بیست ساڵی رابردووداو مانەوەی هەمان دەسەڵاتداریتی هێزی میلیشیایی دەبێت چ چاوەڕوانیەکی باشتر بکرێت. بودجەیەک کە لەژێر کاریگەری هەلومەرجی ناوچەکەدا لە ئێستا پەسەند کراوە، بەڵام ژمارەیەک مافیاو میلیشیایی هار کە نان و موچەی خەڵکی کرێکارو کەمدەرامەتیان بەدەستەوەیە چاوەڕوانیەکی زیاتر لەوەی کردویانە لە جێگای خۆیدا نییە. سەرمایەداری و حکومەتەکانیان لە خۆرهەڵاتی ناوەڕاستدا بۆ بەگەڕخستنی سەرمایەکانیان پێویستیان بە جێخستنی ئارامی لە ئاستی ناوچەکە و لە ئاستی وڵاتەکاندا هەیە، ئامانجی کۆبوونەوەی کۆمکاری عەرەبی هەر ئەمەبوو کە عێراقیش یەکێکە لەو وڵاتانە کە ترسیان لە لێکترازان و شەڕی جۆراوجۆر نەبێت و دەسەڵات لە حکومەتی ناوەندا یەکلایی بکەنەوە. بۆ ئەوە کارانەش دەبێت هەندێک کار بکرێت لە چاکسازی و رێکخستنەوەی ئابوری و خزمەتگوزاریەکان بۆ ئەوەی لە ئاستی ئەو هەنگاوە سیاسیەدا بێت کە ئامانجیانە.

بەجیا لەو هەنگاوانەی کە دەسەڵاتی ناوەند دەینێت بە ئامانجی جیگیرکردنی دەسەڵات لەباری سیاسیەوە دەیێت چینی کرێکار و جەماوەری بێبەشی عێراق و کوردستانیش چاوەڕوانیەکی زیاتریان نەبێت.

**بۆپێشەوە: باڵە سەرەکیەکانی ناسیونالیزمی کورد "پارتی و یەکێتی" سەربارى ناکۆکی بەردەوامی نێوانیان بەڵام دژی گێڕانەوەی پاشەوکەتی موچەی موچەخۆران بوون، ئەم هاوڕاییە چیمان پێدەڵێت؟**

**نوری بەشیر:** ئەوە ئەو راستیە دووپات دەکاتەوە کە ناسیونالیزمی کورد و حزبەکانی و لەسەرو هەموویانەوە یەکێتی و پارتی لەهەموو تەمەنی خۆیاندا چەند کێشەو ململانێ و هەتا لەشەڕدا بووبن، بەڵام بۆ وەستانەوەو دژایەتی بەرژەوەندیەکانی خەڵکی کوردستان یەک دەست و یەک هەڵوێست بوون، بۆیە دژی گێڕانەوەی پاشەکەوتی موچە نموونەیەکی بچوکە لەو دژایەتیەی یەکێتی و پارتی لەبەرامبەر به بەرژەوەندی و ژیان و گوزەرانی موچەخۆران و خەڵکی کوردستان بەگشتی.

**بۆپێشەوە: بەپێی بەندێکی بودجە پەسەندکراو بۆ سێ ساڵی داهاتوو، لەکاتی بوونی نادادپەروەری لە دابەشکردنی شایستە داراییەکانی لە ئاستی پارێزگاکانی هەرێمدا، بەغدا راستەوخۆ بودجەی ئەو پارێزگایە دەنێرێت... یەکێتی نیشتیمانی ئەوە بەدەستکەوتێکی خەڵک و ڕێگایەک بۆ دادپەروەری و خزمەت بەخەڵکی زۆنی سەوز دەزانێت، ئێوە لەو بارەیەوە دەڵێن چی؟**

**نوری بەشیر:** مەسەلەی پەسەند کردنی بودجە بۆ حکومەتی ناوەندو هەم دانانی ئەو بڕگەیەی لەکاتی بوونی نادادپەروەری لە دابەشکردنی شایستەداراییەکانی لە ئاستی پارێزگاکانی هەرێمدا، بەغدا راستەوخۆ بودجەی ئەو پارێزگایە دەنێرێت، هەنگاوێکە لە درێژەی ئەو هەنگاوانەی پێشووی حکومەتی ناوەند بۆ لێسەندنەوەی دەسەڵاتەکان لە پارتی و یەکێتی و لاوازترکردنی پێگەیان.

ئەم هەنگاوەی یەکێتی لەلاوازیەوەتی کە لە زۆنی سەوزدا هەیەتی زیاتر لەدەستی دەرنەچێت،، لەلایەکی ترەوە یەکێتی لەبەرامبەر تەوازنێکی لەخوارەوە بونیەتی لەبەرانبەر پارتیداو بۆ فشارخستنە سەر پارتی کە حسابی لەسەر بکات وەک هێزی دووەم و وەک شەریکە بەشی ئەساسی لە حکومەتی هەرێم و هەڵبژاردنی ئایندەدا. هەروەها ئەمە دورونزیک پەیوەندی نییە بە دەستکەوت بۆ خەڵک جیا لەدەستکەوت بۆ حزبەکەیان و چەواشەکاریەکە لەئاخردا لەبەرژوەندی خۆیان و دەوڵەتی مەرکەزیە....

## بەرابەری

**"بەرابەری" تەنیا بە مانای بەرابەری حوقووقی و قانوونی یان بەرابەری هاووڵاتی کۆمەڵگایەک لە هەر میللەت و نەژاد و ڕەچەڵەکێک نییە، بەڵکوو بە مانای بەرابەرییبوون لە ئیمکاناتی ماددیدایە، لە دەستڕاگەیشتن بەو ئامرازانەی کە دەبنە هۆی هەڵدانی توانا و لێهاتوویی فەردی و کۆمەڵایەتی. بە مانای بەرابەرییە لە بەرهەمهێنان و بەڕێوەچووندا، بەرابەرییە لە دیاریکردنی چارەنووسی ئابووری و سیاسی و بەڕێوەبردنی کۆمەڵگای خۆیاندا، بە مانای بەهرەمەندبوون لە بەهرە ماددی و مەعنەوییەکانی کار و تێکۆشانی کۆمەڵایەتیدا، لە خەبات بە مەبەستی زاڵبوون بەسەر هەر چەشنە دواکەوتوویی و کەموکووڕییەکدا. بە مانای بەرابەرییەکە، تەنیا ئەو کاتە بەدی دێ، کە خاوەنداریێتی تایبەتیی بۆرژوازی بەسەر ئامرازەکانی بەرهەمهێنان و سەروەت و سامانی کۆمەڵ بکرێتە خاوەنداریێتی گشتی و هاوبەشیی هەموو ئەو ئینسانانەی کە لە هەڵسووڕانی کۆمەڵایەتیدا بەشدارن...**

## درێژەی .... دوا وتە

هەواڵگریەکانی تری وڵاتانی ناوچە تا دەزگا مخابەراتیەکانی تری دنیا و ناوەندەکانی بەدواداچوون و زانیاری لەچەشنی ویکلیکس و...تاد، ئەمانیش زۆر زیاتر لەخودی پارتی و یەکێتی، زانیارییان لەسەر تاوانکاری هەمەچەشنی هەردوولا و لایەنە سیاسیەکانی تریش لەبەردەستە.

تا ئەو جێگایەش بە خەڵکی کوردستان دەگەڕێتەوە، تاوانەکانی پارتی و یەکێتی هێندە زۆرن کە دەکرێت بڵێین لە ژماردن نایەن... لکاندنەوەی کوردستان بە دەسەڵاتی ناوەندییەوە لە ژێر ناوی فیدارلیزمی قەومیدا، نەک رێگاچارەیەکی سیاسی، بەڵکو لە بنەڕەتدا تاوانێک بوو، کە لەڕێگایەوە ویستیان دەسەڵاتی حزبی و ملیشیایی خۆیان بەسەر خەڵکی کوردستان یاسایی بکەن و ئیرادەی سیاسی خەڵکی کوردستان لە هەر بژاردەیەکی ئازادانەو سەربەخۆ دابماڵن... بەشێکی هەرەزۆری نەهامەتی و گرفتە سیاسی و ئەمنی و حقوقی و جغرافی و نادیاری ئاییندەی سیاسی کوردستان و ماکەکانی دوبارە هەڵاواردنی قەومی و جیاکاری، دارڕشت. لایەنێکی سەرەکی لەدۆخی ئاڵۆزکار و نادیاری کوردستان و گرفتە بەردەوامەکانی هەرێم و بەغدا، دەرهاویشتەی فیدرالیزمی قەومی بوو. خۆ بەستنەوە و رادەستکردنی پارتی بە تورکیا و یەکێتی بە ئێران، یەکێکی تر لە تاوانکارییەکانی پارتی و یەکێتییە... دەستێوەردانی سەربازی و بوونی دەیان بنکەو بارەگای سەربازی و ئەمنی و هێرش و تیرۆری دەیان و سەدان کەس لە ئۆپۆزیسیۆنی وڵاتانی ناوچەکە، چەندین گۆشەی تر لە تاوانی پارتی و یەکێتین بەرامبەر بەخەڵکی کوردستان و ئاییندە سیاسیەکەی.... جەنگی دەسەڵاتی ناوخۆیی، ٣١ ئاب و ١٦ ئۆکتۆبەر و شەقکردنی هەرێم بۆ دوو زۆنی زەرد و سەوز... دزی و تاڵانی ئاشکراو نهێنی، بەنایاسایی و لەرێگای یاسا بۆ دەرکردنەوە، هەرزان فرۆشکردنی نەوت و لەگەڵیدا داسەپاندنی قەرزی ٣٠ ملیار دۆلاری بەسەر خەڵکی کوردستاندا، تا دەگاتە سیاسەتی پاشەکەوتی موچە و سەرکوتی نارەزایەتی جەماوەری و بەردەوامی دان بە زاڵبوونی دەسەڵاتی چەک بەسەر خەڵک و دام و دەزگای کارتۆنی وەکو حکومەت و پەرلەمان و دەسەڵاتی دادوەری و ...تاد، خولقاندنی کەشی نائارام و برسێتی و گرانی و دەیان موسیبەتی تر تا دەگاتە شەپۆلەکانی رۆشتنی لاوان و قوربانیانی هەموویان چەندین گۆشەی لێکهەڵپێکراوی تری تاوانەکانی پارتی و یەکێتین...

ئەوەی هەر جارە و لەگۆشەیەکدا یان لە هاوپەیمانیەتیان لەگەڵ دۆستە هاوشێوەکانی خۆیاندا، و لە ململانێی یەکتریدا دەیخەنە ڕوو، درێژکراوەی کارنامەیەکی نەنگینە، کە جوتە لەگەڵ ماهیەتی بزوتنەوە و حزبەکانیاندا.

پرسی بودجە، کە ماکینەی پارتی و یەکێتی وەجوڵە دەخات، هەمیشە مەسەلەی میحوەری بووە بۆ مانەوەی دەسەڵاتیان و هەموو سات و سەودایەکیشیان لەگەڵ بەغدا تەنها بۆ بەش پێبرانی پۆست و داهات و بودجە بووە، بەناوی خەڵکی کوردستان و کێشە سیاسیەکەیەوە. لە ناوخۆی هەرێمیشدا کیشەکانی پارتی و یەکێتی لە بنەڕەتدا هەر لەسەر قەڵەمرەوی دەسەڵات و دەستبەسەراگرتنی داهات و بەش وەرگرتن بۆ قەڵەوکردنی دەخیلەی حزب و بنەماڵەکانیان بووە.

ئیستا کە گلۆڵەی پارتی و یەکێتی لەبەرامبەر بە بەغدادا روو لە لێژییە، هێندەی تر بۆتە مایەی لیکترازانیان و پەلوپۆکوتانیان و تا دەستیان بە چلەپوشی رزگاری بگات و تەمەنیان کەمێک درێژ بکاتەوە، و یەکتری تاوانباری ئەم دۆخە تازەیە بکەن، کە دەڵێن، قەوارەی هەرێم لەسەر لێواری ڕمان و پۆکانەوەیە...

دیارە ئەم یارییەش کە بۆ رووبەڕوو بونەوەی ئەو دۆخە دەیکەن و هەر لایەکیان ئومێدی خۆی بە بەرەیەک گرێداوە، ئەمیش تاوانکارییەکی ترە و کوێرەوری و دوکەڵەکەی بۆ جەماوەری بێبەشی کوردستانە.

هەموو ئەم تاوانکاریانەش کە لەلایەکەوە لە ململانێی یەکتریدا خۆیان بەیانی دەکەن و ئەوەشی بۆتە مێژوویەکی نەنگین کە خەڵکی کوردستان گەواهی دەریەتی، بەسە بۆ ئەوەی کە خواستی رامالینی دەسەڵاتیان ببێتە بزوتنەوەیەکی گەورەی جەماوەری کە هەم خۆهەڵواسینی ئەوان بە پرسی کوردەوە کۆتایی پێدەهێنت و هەم ئەڵتەرناتیفێکی شۆرشگێرانە لەسەر کەلاوەی دەسەڵاتی ٣٠ ساڵەیان، دابمەزرێنێت. ئەمە ئەو رێگاچاریەیە دەتوانێت کۆتایی دەستی تاوانکارانەیان کورت بکاتەوە و رادەستی لێپرسینەوەی یاسایی و جەماوەریان بکات و ئاییندەیەکی تریش بخەتە بەردەم خەڵکی کوردستان...

**عەبدوڵا مەحمود**

بۆپێشەوە
FORWARD بڵاوکراوەیەکی سیاسی سۆشیالیستییە
Forward

سەرنووسەر: عەبدوڵا مەحمود
ڕاوێژکاری سەرنووسەر: ڕێبوار ئەحمەد
بۆناردنی بابەتو پەیوەندی:
bopeshawa@gmail.com
بۆ پەیوەندی بەسەر نووسەرەوە:بۆناردنی بابەتو پەیوەندی:
abdulla.mahmud@gmail.com
بۆ خویندنەوەی بابەت و وتارەکانی بۆپێشەوە سەردانی سایتی بۆپێشەوە بکەن:
www.bopeshawa.net

هاوکاری سەرنووسەر: ئاراس ڕەشید
نووسەرانی ئەم ژمارەیە:
یوسف عوسمان، وریای رەسام،جەمال نوری، کاوان قادر، شوانە حەسەن ئەبوبەکر، ئاراس رەشید، سەردار عەبدولا حەمە، مەنسور حیکمەت،عەبدولا مەحمود،...

**لەگەڵ دۆسیەکی تایبەت سەبارەت بە"هۆکاری گوشارەکانی بەغدا لەسەر هەرێم و پرسی پەسەندکردنی بودجە"...**

## سەرانی بزوتنەوەی کوردایەتی بە ملیۆنان دۆلار تەخشان و پەخشان دەکەن و خەڵکی نەداریش پارەی حەب و دەرمان و چارەسەری پزیشکیان نییە...

بەپێی سەرچاوەیەکی هەواڵ کە لەشار پریس وەریگرتووە و بڵاوی کردۆتەوە، چەند بەرپرسێکی حزبی و حکومی هەرێمی کوردستان، بری هەشت ملیۆن دۆلار بۆ ئاهەنگی زەواجی کوڕی شای ئوردون دەکەنە دیاری.

حەسەن موسەوی کە سەرۆکی دامەزراوەی قیمەی عێراقییە، هەواڵەکەی بڵاوکردۆتەوە و نووسیویەتی" ئەو بەهەدەردانە لە کاتێکدایە، حکومەتی هەرێم فشارێکی زۆری دارایی خستۆتە سەر هاوڵاتیان، کە توشی کێشەی کردون" سەرۆکی دامەزراوە عێراقیە لە درێژەی لێدوانەکەیدا دەڵێت "پێویستە لێپرسینەوەیەکی یاساییو شەعبی لەو بەرپرسانە بکرێت بزاندرێت ئەو پارانەیان لەکوێ هێناوە، لەجیاتی بەسەر خەڵکی خۆیان دابەشبکەن، دەیکەنە دیاری بۆ خەڵکی دیکە".

ئەم هەواڵە و زۆری تریش کە ناوە ناوە لە میدیا ناوخۆی و دەرەکیەکان بڵاودەکرێنەوە، چاوەڕوانکراوە و بەرپرسانی دزی ئەم هەرێمەش، باکیان بەوە نییە رۆژانە و سێ ژمە، باسی دزی و تاڵانی و بەهەدەردانی قوتی هاوڵاتیان لەسەر خۆیان و کەس و کار و بازنەی نزیکیان، بڵاوبیبێتەوە.

دیارە ئەم هەواڵە چەندین پرسیار دەوروژێنێت لەوانە... ئەگەر ئەم جەنابانە بۆ ئاهەنگێکی دەرەکی و کوڕی سەرۆک دەوڵەتێکی دیاریکراو دیاری ملیۆنی ببەخشنەوە، دەبێ بۆ ئاهەنگی خۆیان و کەس و کارو کوڕ و کچ و خزم و دەست و پیوەندەکانیان، چەند زیاتر ببەخشنەوە؟ وە پرسیار ئەوەیە ئەم هەموو داهاتە کە دەبەخشرێتەوە، لە خەزێنەی دزی چەند ملیاردی دایە؟

لە کاتێکدا رۆژانە هەواڵی تالانی و دزی و دەستبەسەراگرتنی زەوی و بازرگانی و هەواڵی تەخشان و



پەخشان کردنی داهاتی خەڵکی کوردستان بڵاودەبێتەوە، کە بەشی هەرەزۆری خەڵکی کوردستان، بۆ کرێنی دەرزیەک و داودەرمان و سەردانی پزیشکێک موحتاجن، بۆ کرینی پیداویستی رۆژانە ناچارن دەست پاریزی بکەن و لەوەڵام دانەوە بەخواستی منالەکانیاندا، خۆیان دەخۆنەوە. وە خەڵک موحتاجی دەیان وسەدان پێداویستی ژیاری و شارستانی ئەم سەردەمەن.

ئەم تەخشان و پەخشان کردنەی بەرپرسە حزب و حکومی و بنەماڵەییەکان، لێکهەڵپێکراوە لە دزی و تاڵانیەکی ئاشکرا لەناوخۆی هەرێمدا. هەموو کەسێکی بەویژدان و ئازاد دەزانێت کە دەسەڵاتی بۆرژوازی کورد بە قەومی و ئیسلامیەکەیەوە، بە ئۆپۆزیسیۆن و دەسەڵاتدارەکەیەوە، دزی و تاڵانی بۆتە تایبەتمەندیەک و ناسنامەیەکی ئاشکرا کە توانای داپۆشینی نییە... بەڵام ئەو راستیەش دەزانن کە رۆژێک دێت، خەڵکی کوردستان لە راپەرینی خۆیاندا، دەست بەسەر داهاتی دزراویاندا دەگرن و سەرانی تۆمەتباریش بەدزی و تاڵانی و گەندەڵی دەخەنە قەفەزی لێپرسینەوەی یاسایی و جەماوەری.

دوا وتە

## نیشتیمان فرۆش و خیانەتکاران مافی فەرمانڕەواییان نییە!

لەگەڵ قوڵبونەوەی ململانێی پارتی و یەکێتی لەسەر بودجە، بەتایبەتی لە پەیوەند بە بڕگەیەکی مادەی ١٤، کە دەڵێت" حکومەتی هەریمی کوردستان پابەند دەبێت بە پێدانی ئەولەویەت بۆ دابەشکردنی موچەی فەرمانبەران و خانەنشینانی هەرێمی کوردستان، هەروەها خەرجکردنی شایستەی وەبەرهێنانی پاریزگاکان بەپێی بنەمای ئەو یاسایە، بەپێچەوانەی ئەوە، لەسەر سەرۆک وەزیرانی حکومەتی فیدراڵە ڕێکاری پێویست بگرێتەبەر بۆ جێبەجێکردنی لە نێویاندا، "تەمویل کردن" واتە پارە راستەوخۆ بداتە پارێزگاکان" جارێکی تر میدیاکانی پارتی و یەکێتی و لە ئاستی هەرە باڵایدا، کاردانەوەیان نیشاندا و لەوەش زیاتر چەند بارە چەند گۆشە لەماهیەتی ڕاشکاوانەی یەکتریان، خستەوە ڕوو. سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان کە جێگرەکەی یەکێتییە دەڵێت" هەڵوێستی ناپاکی نێشتمان فرۆشان لە مێژوودا تۆمار دەکرێت، کە رۆشنە مەبەستی یەکێتی نێشتیمانی کوردستانی بەشدار لە حکومەتەکەیەتی... لەبەرامبەردا مەکتەبی سیاسی یەکێتی لە بەیانێکی تایبەتدا سەبارەت بە جێگیربوونی بەندی پێشنیارکراویان لە بودجەدا دەڵێن" چیتر غەدر لە سلێمانی و هیچ شارێکی کوردستان ناکرێت و ژیان و گوزەرانی خەڵک نابێتە کەرەستەی ململانێی نارەوا"

دیارە ئەوە هەلوێستی هەر دوولایە لە ئاستی هەرە باڵاداو لە خوارتریش، لێدوانی هەردوولا زۆر توندتر و هاوکات رۆشنتر کارنامەی یەکتری دەخەنە ڕوو. لێدوانی هەردوو لایان و کادرەکانیان، باشترین بەڵگەیە کە پارتی و یەکێتی دوو هێزی نیشتیمان!! فرۆش، دەست تیکەڵاوکەر و لەگەڵ نەیارانی خەڵکی کوردستان، ژیان و گوزەرانی خەڵکیان کردۆتە کەرەستەی ململانێ... هەر بەپێی ئەو لێدوانانەی خۆیان، پارتی و یەکێتی دوو هیزی خیانەتکار و نۆکەر پیشەو دژ بە خواست و ویستەکانی خەڵکی کوردستان و بەرژەوەندییەکانیانن، کەواتە هیزی لەو بابەتە مافی فەرمانرەوایان نەک بەسەر خەڵکی کوردستاندا نییە، بەڵکو دەبێ لێپرسینەوەیان لەگەڵ بکرێت و ببرێنە دادگا لەسەر خیانەتەکانیان و نیشتیمان!! فرۆشی، و کایەکردن بە ژیان و گوزەرانی خەڵکی و غەدر کردن لێیان...

ئەوە سەرەتاییترین و کەمترین سزای رەوای پارتی و یەکێتییە، لە پەیوەند بە تاوانەکانیان کە خۆیان لە ئاستی هەرە باڵادا دانیان پێداناوە.

گومانیش لەوەدا نییە کە دەزگا هەواڵگریەکانی پارتی و یەکێتی، کێویک لە زانیاری هەمەچەشنی تاوانکاری یەکتریان لای خۆیان تۆمارکردووە، و دەزگا

بۆ لاپەڕە 14




**بەرهەمی نوێی وریای رەسام**